# کادرو ئابوریناسی

## مەکتەبی گەشەپێدانی بیر و هۆشیاری

ئۆرگانێکی روناکبیریی و پەروەردەیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانە، لەسەر بنەمای سۆشیـال ـ دیموکرات و لە پێناوی پەرە و گەشەپێدانی بەهاکانی (ئاشتی، دیموکراسی، مافی مرۆڤ، مافی چارەیخۆنووسین) زەمینەی دیالۆگ، گەشەپێدانی هزری و هۆشیاریی سیاسیی دەرەخسێنێت.

لە رێگای ئەکادیمیای پێگەیاندنی کادیران، چاپ و بڵاوکردنەوەی کتێب، نامیلکە، گۆڤار، کۆڕ و سیمیناری تایبەتمەند و دروستکردنی بەڵگەفیلم ئەرکەکانی خۆی جێبەجێ دەکات، هەروەها گرنگی بە ئەرشیفکردنی مێژووی (شۆڕشی نوێ و یەکێتی) بە تایبەت و بزوتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کوردستان و دیموکراسی عیراقی ـ بەگشتی دەدات.

د.بێستون سابوراوایی

# کادرو ئابوریناسی

کادرو ئابوریناسی
نووسین: د. بێستون سابوراوایی
دیزاین: کەمال حامد
تیراژ: 1000 دانە
نۆبەتی چاپ: چاپی دووەم بە دەستکاری و زیادکردنەوە
ساڵی چاپ: 2023
نرخ : (2000) هەزار دینار
شوێنی چاپ: کوردستان - سلێمانی
زنجیرە ( 560 - 50 )

لە بەڕێوەبەرێتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارە سپاردنی (2057)ی ساڵی 2022 پێدراوە

بەڕێوەبەری هونەری
ئەمیرە عومەر

لە بڵاوکراوەکانی مەکتەبی
گەشەپێدانی بیروهۆشیاری

www.pukhoshiari.com inf@pukhoshiari.com

**ئاماژەیەکی پێویست:**

لـەم ناميلكەيـەدا هەوڵمانـداوە بـــەشێوازێكی ئاسـانو زانستيانە سـەبارەت بـە ئابـوری و هەندێک زاراوەی وابەسـتە بـەو زانسـتە بدوێيـن و روونيـان بکەینـەوە و پوختـەی هەندێـک بابەتـی ئابـوری سۆسیالدیموکراسـی بخەینـەڕوو..

هەموو مرۆڤێک لە هەرجێگـــە و شوێن و کاتێکدا بـژی پێویسـتی بـە ئابوریيەو بيەوێت يان نەيەوێت دەچێتـە نـاو هەندێک چالاكی ئابوریيـەوە، يـان خـۆی دەبێتـە جێگـە و مەبەسـت و ئامرازێکـی چالاکییـە ئابورییەکان.

هەمـوو ئەوانـەی کاری سیاسـيی و حکومـی و ڕاپەڕاندنـی کاروبـاری کۆمەڵگا دەکـەن پێویسـتيان بەلانیکەمـی تێگەیشـتنی سـەرەتـــایی هەیـە لـە زانسـتی ئابـوری و بنەمـا پێکهێنەرەکانـی ئابـوری وڵات بـە ماکرۆئـــابوریMacroeconomics و مایکرۆئابـوری Microeconomics یشـەوە.

کــــادرانی ڕێکخسـتن و هەڵسوڕاوانی بـــواری کاری جەماوەريـی لـە هەمـووان زیاتـر پێویسـتيان بـە بەرچاوڕوونـی هەیـە لـەو ڕووەوە. ئێمـەش ئـەم ناميلكەيەمـان بـەو مەبەسـتە ئامـادە کـردووە و بـە

پێویستی دەزانین بایەخ بە خوێندنەوەی بدرێت.

هەرچەندە ئەوەی ئێمە لێرەدا باسمان کردووە تەنها هەندێ ڕوونکردنەوە و پێناسەیە ئەگینا هەر زاراوەیەک لەو زاراوانەی لێرەدا هاتوون سەدان کتێب و وتارو بیروڕای جیاوازی لەسەر ئامادە کراوەو، هەر بەردەوامیشە. هەروەها دەربارەی سیاسەتی ئابوری سۆسیالدیموکراسیش لەگەڵ ئەوەدا کە بیرو بۆچوونەکان لە هەندێ وڵات جیاوازییان هەیە بەڵام لە دەرەنجامدا لەیەکتری نزیکن و ئەدەبیاتێکی دەوڵەمەندیان  دروستکردووە.

fb/Bestun Saburawayi

## بەشی یەکەم
## چەمکە ئابوریەکان Economic Concepts

### 1 - ئابوری Economy چی یە؟

لـە بنەڕەتـدا ووشــەیەکی یۆنانییــە و یەکـەم جـار ئەرســتۆ (384 – 322 پ.ز) بــەکاری هێنــاوە. لــە دوو ووشــە پێک هاتــووە. (ئیکۆس Oikous ) کەمانـای مـاڵ دەگەیەنێـت و (نۆمـۆس Nomos) کــە مانــای حوکـم یـان یاسـا دێت. ئـەوەش وەکـو ئاماژەیـەک بـۆ کابانـی مـاڵ، کـە ئایـا چـۆن کاروبارەکانـی مـاڵ ڕێکدەخـات کاتێـک داهـات و مووچەیـان زۆر کەمـە و ئەسـتەمە بـە ئاسـانی مـاڵ و خێـزان بەڕێوەببرێت. لـەو کاتـەدا بەڕێوەبـەری مـاڵ ناچـار دەبێت لـە هەنـدێ خـەرجـی دەسـت بگرێتـەوە و بـە پێـی پێویسـتییەکانی ژیـان و گـوزەران ئـەوەی هـەیانە دابەشـی بکـەن و ژیرانـە و بـە شـێوازێکی ئیداری ورد داهـات و دارایی خـەرج بکـەن و کارێکی وا بکـەن گوزەرانـی خۆیانـی پـێ دابیـن بکـەن و بیـر لـە بڕێـک پاشـەکەوتیش بکەنـەوە لەدارایـی و موڵـک و مـاڵ و سـامانە جۆراوجـۆرەکان.

مانای ئابوری لە ئێستادا زۆر فراوان و هەمەگیرە و پەیوەستە بەو چالاکی و کاروبارانەوە کە ژیانی کۆمەڵگە بەڕێوەدەبەن و گەشەی پێ ئەدەن.
لە بوارەکانی کشتوکاڵ و پیشەسازی و تەکنەلۆجیا و بازرگانی و خزمەتگوزاری.
لەلایەکی تریشەوە زانایانی ئابوری دەڵێن: لە کاتێکدا هەموو کاڵا و شمەکە پێویستەکان دەگمەن و کەم و دیاریکراون و پێداویستییەکانی خەڵکیش بە ئاسانی دابین ناکرێن، بۆیە بە بەگەڕخستن و بەکارهێنانی کەرەسەکانی دابینکردنی پێویستییەکان و نواندنی چالاکییە جۆراوجۆرەکان بە توانادارییەوە لە پێناوی دابینکردنی پێویستیەکانی مرۆڤ، بە هەموویان ئابوری دروستدەکەن.

## 2 - زانستی ئابوری Economics چییە؟

زانایانی ئابوری لەم ڕووەوە بوونەتە دوو بەش: ئابوریناسانی سەرمایەداری و ئابوریناسانی سوسیالیستی.
زۆربەی ئابوریناسانی سەرمایەداری دەڵێن: ئەو زانستەیە کە ڕەفتاری مرۆڤەکان هەڵدەسەنگێنێ و لێکدانەوەیان بۆ دەکات، ئەوەش لەو ڕوانگەیەوە تەماشا دەکات کە بریتییە لە پەیوەندی نێوان (مەبەست و ئارەزوو)ی مرۆڤەکان و (فاکتەرە دەگمەنەکان و

گـران بەدەسـتهاتووەکان، کـە دەکـرێ لـە بـری یەکتـر بەکاربهێنرێن) کـە هـەندێک لـەو ئابوریناسـانە پێیـان وایە مـەرج نییـە زانسـتی ئابـوری ڕەچـاوی ڕەوشـت و گیانـی مرۆڤایەتـی بـکات بەڵکـو گرنـگ ئەوەیـە بـۆ چارەسـەری کێشـەی دەگمەنـی Scarcity و دەسـتنەکەوتنی داهاتـە ئابوریيـەکان چـی بەچـاک دەزانـی هەڵبژێـرە. واتـە باشـترین- (Choice) هەڵبـژاردن بەکاربهێنـە ئەگـەر ڕەچـاوی ڕەوشـتی مرۆڤانەشـی تیـادا نەکرێـت. ئـەوە زیاتـر لـە نـاو کلاسـیکیەکان بـاوی بـوو.

بەڵام زانایانی ئابورینـاسـی سـەرمایەداری سـەردەمی باهـۆزی دیموکـراتی گۆڕانـکاری زۆریـان لـەڕووە خراپەکانـی ئـەو پێناسـەیە کـردووە... و دەڵێـن: زانسـتی ئابـوری لـە زانسـتە کۆمەڵایەتییەکانـە، تیـۆری و یاسـا و ڕێسـای خـۆی هەیـە.

هـەروەهـا زانسـتێکە دیاردە ئابورییەکان لێکدەداتـەوە و کار دەکات بـۆ کاراکردنـی زیاتـری چالاکییـە ئابورییـەکان لـەسـەر ئاسـتی تاکـە کـەس و کۆمـەڵگا.. هـەروەهـا کاردەکات بـۆ دابینکردنـی خۆشـگوزەرانی بـۆ خەڵـک، کـە ئـەو لێکدانەوەیـە زیاتـر لـە ژێـر کاریگـەری فیکـری ئابوریناسـانی سۆسـیالدیموکراتدا هاتووەتـە دی چونکـە لـەم حاڵەتەیانـدا زانسـتی ئابـوری هـەربـەدوای دابینکردنی پێداویستییە مادییەکانەوە نییە، بەڵکو پێداویستییە ڕووحی و ئاکاری و نامادییەکانی تریش لەبەرچاو دەگرێت و کام

هەڵبژاردنـە (Choice) مرۆڤانەتـرە ئەویـان بەکاردەهێنـێ بـۆ چارەسـەری (دەگمەنـی)[1]..

3 – جێـی خۆیەتـی لێـرەدا ڕوونــکردنـــەوەیەک سـەبارەت بـە ئابـوری سوسـیالدیموکرات بدەیـن، یـان پرسـیار بکەیـن ئـەو ئابورییـە چـی یـە ؟..

لە ڕوانگەی سیاسـەتی سوسیالدیموکراتیەوە، زانستی ئابـوری بریتییـە لـەو زانسـتەی دیـاردە ئابورییـەکان لێکدەداتەوە و لە کێشـەکانیان دەکۆڵێتەوە و هـەوڵ ئەدات لـە ڕووی زانسـتی کۆمەڵایەتـی و لێکدانـەوەی مێژوویـی و چارەسـەری پراگماتـی (عملـي) یـەوە پێیـان بـگات و باشـترین چارەسـەری گونجاویـان لـە چوارچێـوەی بـــەرژەوەندییە کۆمەڵایەتـی و مـــرۆڤایەتییەکاندا بـۆ بدۆزێتـەوە و لـە خزمـەت گەشـەکردنی کۆمەڵگـەدا بەکاریـان بهێنـێ، نـەک بـۆ خزمەتـی تاکـە کـەس یـان گروپێـک یـان دەسـەڵاتێکی سیاسـی دیـاری کـراو... هەروەهـا لـە ڕوانگـەی ئـەو جۆرە سیاسـەتەی ئابـوری یـەوە، ڕێـگا ئـاوەڵا ناکـرێ بـۆ هەرکـەس و هـەر کۆمپانیایـەک جڵـەوی ئابـوری بـە ئـارەزووی خۆیـان ڕابکێشـن، بەڵکو پێویسـتە هەمـوو بوارەکانـی ئابـوری وڵات لـە ژێـر چاودێـری دەوڵەتـدا بێـت و هاوزەمـان لەگـەڵ سیاسـەتی ئابـوری ئـازاد بـە پێـی بەرنامەیەکـی زانسـتی و بـۆ خزمەتـی مـرۆڤ وەبەربهێندرێـن..

---

1– السيد علي، الدكتور عبدالمنعم، الاقتصاد–مباديء الاقتصاد الجزئي– مطبعة جامعة الموصل 1985. لاپەڕە 10بۆ 17..

4 – ئـەگەر بمانـەوێت لـە زانسـتی ئابوری (Economics) تێبگـەین، پێویسـتە بـە زاراوە وابەسـتەکانی شـارەزابین، کـە ئێمـە لێرەدا تەنها چەنـد زاراوەیەکـی بنەڕەتـی دەخەینـە بەرچـاو، کـە لـە زاراوە هـەرە گرنـگ و هەسـتیـارەکانن..

4 - 1: **دەگمەنـی** (**النـدرة**) Scarcity یەکێکـە لـەو سێ توخمـە بنەڕەتیـەی کێشـەی ئابوری دەخولٌقێنـن لەگـەڵ لاوازی تواناداریـی و شـارەزانـەبوون لـە هەڵبژێرکاریـدا هەمـوو ئـەو شـتانەی سـوودیان لێوەردەگریـن ناوترێـت کاڵای ئابـوری. چونکە هەندێک لـەو شـتانـە بـە ئاسـانی و بێبەرامبـەر دەسـتمان دەکـەون، بـە تایبـەت ئەگـەر کەمێـک هەوڵیـان بـۆ بدەیـن دەزانیـن کـە لـە سروشـتدا بڕێکـی زۆر لـەو شـتانە هەیـە وەکـو (هـەوا، ئـاوی کانـی و ڕووبـار و دەریـاکان، داری کێـوەکان، و هتـد...) ناچنـە خانـەی کاڵای ئابورییـەوە..

کاڵای ئابـوری، بـەو دەرهـات (Output)ە دەوترێـت کـە پێشـتر وەکو کەرەسـەی خـاو لـە شـێوەی (تێهات Input)دا بەکارهاتـووە و بـە پرۆسـەی بەرهەمهێنـان (Production)دا تێپەڕیـوە و کاڵا و خزمەتگـوزاری و پـارەی تـری تێچـووە. واتـە نرخێکـی تێچـوون (Cost price)ی هەیـە خاوەنـی دیاریکـراوی هەیـە کـە ئـەو کاڵایـە نابەخشـێ بەکـەس، بەڵکـو

نرخێکی فرۆشتنی لەسەر دا ئەنێ کە لای داواکار دەبێتە نرخی کڕین و بە ئاسانی دەستی ناکەوێ.. کاتێک ئەڵێن بەئاسانی دەستی ناکەوێ، مانایەک دەبەخشێ:- واتە کەمە و دەگمەنە..

کەواتە لێرەدا دەتوانین بڵێین گرنگترین توخمی پێکهێنەر و دروستکەری کێشەی ئابوری لە ڕوانگەی زانستی ئابوورییەوە، (دەگمەنی) یە.. هەر ئەو دەگمەنییەی کاڵا و خزمەتگوزاری بووە لە مێژوودا هەزاران جەنگی گەورەی ناوخۆیی و دەرەکی لە جیهاندا دروستکردووە و هانی دەسەڵاتدارو بێدەسەڵاتی داوە بۆ شەڕ و داگیرکردن..

### 4 - 2 : **تواناداریی و چالاکبوون** (**الکفاءة والفعالیة**) **Efficiency and Activation**

یەکێکی تر لە توخمە گرنگەکانی کێشەی ئابوری لاوازی تواناداریی و چالاکبوونی چالاکییە ئابوریەکانە بە گشتی.

بۆ ئەوەی چارەسەری کێشەی دەگمەنی بکەین پێویستمان بە تواناداریی و چالاکبوون و زیرەکی و دەستڕەنگینی و هێزی تەکنەلۆژیای باڵاو ئەوپەڕی تواناداریی بە گەڕخستنی سەرمایە (الکفاءة الحدیة للرأسمال) و شارەزابوون لە بەکارهێنانی زانستیانەی هۆیەکانی بەرهەمهێنان هەیە. ئەوەش لە پێناوی ئەوەی بە کەمترین تێچووی گونجاو بتوانرێت پێداویستییە مادی

و مەعنەوییەکانی مرۆڤ و ئامرازەکانی ئەو پێویستییانە دابین بکرێت.

**4 - 3 : سێیەمین توخمی هەرە گرنگی کێشەی ئابوری بریتییە لە هەڵسەنگاندنی نادروست لە پرۆسەی هەڵبژێرکاری-الاختیار** Choice)دا. واتە کام چالاکی و بواری ئابوری دیاریبکرێت بۆ ئەوەی قازانج و کەڵکی زیاتر بەدەست بهێنرێت.. لێرەدا ئابوری سەرمایەداری کلاسیک تەنها ئەو بوارانەی هەڵدەبژارد کە قازانجی مادی لێوەدەست دەهێنرا.. بەڵام ئابوری سۆسیالدیموکراسی ئەو بوارانەی چالاکی ئابوری هەڵدەبژێرێ کە قازانج و کەڵکی بۆ بەرژەوەندی گشتی و مرۆڤایەتی تیادایە و دژی ئەو بوارانەیە کە قازانجی مادی بۆ بەرژەوەندی تاکە کەس و گروپەکان تیایە و زیان بە کۆمەڵگا دەگەیەنێت وەکو (پیشەسازی جگەرە، مادده هۆشبەرەکان، کرێکاری مێردمنداڵان، هەڵچۆڕاندنی نەوت و هتد..).

**ئەم پرۆسەیە زاراوەیەکی تری ئابوری بەدوای خۆیدا دەهێنێت کە پێیدەوترێت (تێچووی هەلی کار oppor-tunity cost)**، واتە بۆ ئەوەی مرۆڤ کارێک یان چالاکییەکی ئابوری گونجاو ئەنجام بدات دەبێت واز لە هەندێک کار یان چالاکیتری ئابوری بهێنێت لە پێناوی ئەنجامدانی ئەو چالاکییە،

یـان هەلـی کارەی هەڵبـژاردووە. ئـەو بابـــەتە مرۆڤـەکان و کۆمپانیاو پڕۆژە جۆراوجۆرەکـــان و چالاکییـە ئابوریەکانـی حکومەتیـش دەگرێتـەوە، کـە دەبێـت لەنـاو ژمارەیەکـی زۆر لـە چالاکـی و هەلـی بەرهەمهێنانـی کاڵا و خزمەتگوزاریـدا باشـترینیان هەڵبژێـرن کـە زۆرتریـن کەڵـک ببەخشـێت.

## 4 - 4 : **خواست الطلب** (Demand)

ئەگـەر پێناسـەیەک بۆ خواسـت بکەیـن، پێویسـتە چوارچێوەیەکـی سـەرەتایی و بنەڕەتـی بـۆ دیـاری بکەیـن بـۆ ئـەوەی تێگەیشـتنێکی ڕوون و ئاسـان لەلامـان گەڵاڵـە ببێت. ئەوەش یاریدەدەرمـان دەبێت بۆ تێگەیشتن لـە خواستی کۆ گشتی و جۆرەکانی خواسـت. بۆیـە پێویسـتە پێناسـەی خواسـتی تاکـە کـەس بکەیـن لەسـەر کاڵایەکـی ئابـوری دیاریکراو...

**بەڵام خواسـتی کۆگشتی** (Aggregate Demand) بریتییـە لـە کـۆی خواسـتی چالاکـی دانیشـتوان لـە وڵاتێکـی دیاریکـراودا لـــەسەر کاڵایەکـی دیاریکـراو و بـە نرخێکـی دیاریکـراو.

کەواتـە خواسـتی تاکـــەکەس لـــەسەر کاڵایەکـی دیاریکـراو بریتییـە لـە:

(ئەو بـــڕەی کە تـــاکە کەس ئـــارەزوو دەکـــات

لـه کاڵایەکـی دیاریکـراو بیکڕێـت، پـــەیوەستە بـە نرخـی ئـەو کاڵایـەو، داهاتـی نەختینـەی تاکەکـەس و، زەوق و سـەلیقەی تاکەکـەس و، نرخـی کاڵاکانـی تـر لـە بـازاڕدا، لـەکات و شـوێنێکی دیاریکـراودا).. بـە گریمانـەی ئـەوەی هۆکارەکانـی تـری ئابـوری نەگـۆڕن.

## 4- 5: **خستنەڕوو العرض-** (Supply)

بەهەمـان شـێوەی خواسـت، دەتوانیـن پێناسـەیەکی زانسـتی ئابـوری بـۆ خسـتنەڕوو بکەیـن. ئـەوەش بەدانانـی چوارچێوەیـەک بـۆ پێناسـەکە.. کەواتـە دەتوانیـن بـاس لـە خسـتنەڕووی کاڵایەکـی دیاریکـراو بکەیـن کـە لەلایـەن یـەک بەرهەمهێنـەرەوە دەخرێتـە بـازاڕ..

(ئـەو بـڕە کاڵایـەی بەرهەمهێنەرێکـی دیاریکـراو، لەمـاوە و شوێنێکی دیاریکراو دەیخاتە بازاڕەوە بەمەبەستی فرۆشتن، کـە پەیوەسـتە بـە نرخـی کاڵاکـە و تێچوونـی بەرهەمهێنـان کـە بەرهەمهێن لە ئەسـتۆی خۆی گرێداوە، بـە ڕەچاوکردنی ئـەو گریمانەیـەی هەمـوو هۆکارەکانی تر گۆڕانیان بەسـەردا نایەت) پێی دەوترێت خسـتنە ڕوو[2].. بەڵام **خسـتنەڕووی کۆگشـتی** (Aggregate Supply) بریتییـە لـە کـۆی

---

2 – سلفاتور، د. دومينيك، ترجمة الدكتور سعدالدين محمد، نظرية أقتصاديات الوحدة (نظريات و أسئلة)– الطبعة العربية، 1982، لاپەڕە 22 بۆ 27.

خستنەڕووی کاڵایەکی دیاریکراو لە وڵاتێکی دیاریکراودا و بەنرخێکی دیاریکراو.

## 4 - 6: هاوسەنگی بازاڕ Market Equilibrium

کاتێک کە کەلوپەلێک یان کاڵایەکی ئابوری نرخی دادەبەزێت چیتر بەرهەمهێن لەو کاڵایە بەرهەم ناهێنێت .. یان بەرهەمهێنان و خستنە ڕووی ئەو کاڵایە کەم دەکاتەوە.

ئەوەش وادەکات، خستنەڕووی ئەو کاڵایە کەمبێت و خواست لەسەری زۆر بێت. کاتێکیش کە خواست زیادیکرد نرخی کاڵاکە بەرز دەبێتەوە. ئەو کاتە کاڵایەکە دێتەوە بازاڕ و لە نرخێکی دیاریکراودا کە بەرهەمهێن و خوازیار (کڕیار) لەسەری ڕێک دەکەون دەفرۆشرێت.. بەو پرۆسەیە دەوترێت هاوسەنگبوون لە مایکرۆئابوریدا.

خۆ ئەگەر ئەو پرۆسەیە هەموو کاڵا و خزمەتگوزارییەکانی گرتەوە، ئەوە پێی دەوترێت هاوسەنگی بازاڕ..

ناهاوسەنگی لە کاتێکدا ڕوودەدات، خستنەڕوو زۆر بێت، بەڵام داهاتی تاکە کەس ئەوەندە کەم بێت لە نرخێکی دیاریکراودا نەتوانێت کاڵا و خزمەتگوزاری بکرێت.. کە ئەوە زیاتر لەکاتی قەیرانە ئابورییەکاندا ڕوودەدات[3]...

---

3- بدوي، الدكتور احمد زكي، معجم المصطلحات الاقتصادية، الطبعة الثانية، دار الكتاب المصري، القاهرة 2004.

## 4 - 7 : **مایکرۆئابوری** Microeconomics

بناغـه و بنەڕەتـی زانسـتی ئابورییـە، کـە پشـت بـە چالاکییەکانـی تاکئابـوری دەبەسـتێت، واتـە خواسـتی تاکەکـەس و پـرۆژەکان و بوارەکانـی تـری ئابـوری و یەکـە ئابوریـە ئیدارییـەکان هەریەکـەو بـە جیـا لێـک دەداتـەوە و، بەتـاک لێیـان دەکۆڵێتـەوە و باسـی ئاڕاسـتەی چالاکییـە ئابوریەکانیـان دەکات. هەروەهـا لـە ڕووی خسـتنەڕووەوە لەبەرهەمهێنـەکان بەتـاک دەکۆڵێتـەوە هەریـــەکە و بـە جیـا، یـان هەربـوارە و بـــەجیا وەردەگرێـت و شـیکردنەوەی زانسـتیانەی تایبـەت بەخـۆی بـۆ دەکات. ئـەوە پێـی دەوترێـت مایکرۆئابـوری (الاقتصـاد الجزئـي)[4]...

بـەڵام **ماکرۆئابـوری ( الاقتصـاد الكلـي**—Macro-economics) لەگـەڵ شـیکردنەوەکانی مایکرۆئابـوری دا بەهەردووکیـان زانسـتی ئابـوری پێکدەهێنـن.

ماکرۆئابوری و لێکدانەوەکانی بۆ دیاردە و چالاکییە گشـتیە ئابورییەکانـە لەسـەر ئاسـتی نیشـتمانیی و سـەراپای میللـەت، ئـەوەش لێکدانـەوە و توێژینـەوەی زۆر هەڵدەگرن بەتایبـەت لـە میانەکانـی لێکۆڵینـەوەی زانسـتیو، بڕیـاری ئابـوری لەلایـەن سـەرکردایەتی

---

4 – سامویلسن، پول أ، و ئەوانی تر.. الأقتصاد، ترجمة هاشم عبدالله، الطبعة الخامسة عشر. الاهليـة للنشر والتوزيع، اردن، عمان 2001، لاپەڕە 83

سیاسی وڵاتەوە. ئەم جۆرەی ئابوری پشت بە کۆگیری ئابوری نیشتمانیی دەبەستێت و، بە ئابوری سیاسی وڵات پەیوەستە و، زانستێکی پراگماتی و واقیعییە و لەگەڵ تیۆری و پراکتیک ئاوێتەیە و بەشێوەیەکی کارلێککردوو لە خۆیان دەگرێت.. ماکرۆئابوری لەدەیان ساڵی سەدەی بیست و بەدواوە بووەتە بنکەیەکی بەهێزی شیکردنەوەی پەرەپێدانی فیکری ئابوری و دەستنیشانکردن و چارەسەرکردنی کێشەکانی ناسەقامگیری ئابوری و، متبوونی ئابوری و، دواکەوتویی ئابوری (عدم الاستقرار، الركود، التخلف الاقتصادي)[5]..

ئەگەر مایکرۆئابوری، لە کێشە و چارەسەری خواست و خستنەڕوو و بێکاری، داهات، بەرهەمهێنان و وەبەرهێنان، نرخی سوود، باج، هتد.. لەسەر ئاستی تاک و تاکئابوری بکۆڵێتەوە، ئەوا ئابوری درشت لەسەر ئاستێکی گشتی و هەمەگیر لە کێشە و چارەسەرەکانی ئەو دیاردە و چالاکییە ئابوریانە دەڕوانێت و لە چوارچێوەی سیاسەتی ئابوری و دارایی گشتی و بازرگانی و ئیدارەی حکومەت و، بەرژەوەندییە باڵاکانی نیشتمان و میللەتدا، شیکاری و لێکۆڵینەوە ئەنجام ئەدات ..

---

5- معروف، الدكتور هوشيار، تحليل الأقتصاد الكلي، الطبعة الأولى، دار الصفاء للنشر والتوزيع – عمان – الاردن- 2005– ل51..

4 - 8 : **وەبەرهێن** Investor:

4–8: **أ/ وەبەرهێنـــان (الاســـتثمار**Investment**)**:–

وشــەی وەبەرهێنــان، لــە زمانــی کوردیــدا، بەمانــای بەکارهێنــان و چاککردنــی زەوی کشــتوکاڵی دێت. کــە تیایــدا جوتیــار دانەوێڵــە و کشــتوکاڵی دێــم و بــەراو بەکاردەهێنێت. واتــە تــۆو و شــەتڵ و نەمــام دەچێنێت بەمەبەســتی بەرهەمهێنانــی بەروبوومــی کشــتوکاڵی، کــە تیایــدا جوتیــارەکان هەمــوو هێــزی کاری خۆیــان و هــاوکاری و هــەرەوەزی جوتیارەکانــی تریــش بەکاردەهێنــن.. بەوهۆیەشــەوە جوتیــارەکان ســاڵ لــە دوای ســاڵ هــەوڵ ئــەدەن وەبەرهێنانــی زەوییەکانیــان زیاتــر بکــەن و جۆرەکانــی وەبەرهێنانیــش زیاتــر و باشــتر بکــەن و، بــۆ ئــەو مەبەســتەش جوتیــار هــەر لەکۆنــەوە هەوڵــی داوە، هۆیەکانــی بەرهەمهێنــان لــە لادێــدا گەشــە پێبــدات و ئامــرازە بەکارهاتووەکانیــش Production Tools. لــە پرۆســەی بەرهەمێنانــدا پێــش بخــات. بۆیــە هــەر لــە کۆنــەوە بــەو کارە وتــراوە (وەبەرهێنــان)و لــە هەنــدێ شــوێنی کوردەواریــدا پێــی وتــراوە (ڕەنێوهێنــان).

باســکردن لــە وەبەرهێنــان لــە ڕوانگــەی زانســتییەوە، باســکردنە لــە کرۆکــی ژیـــــانی ئابــوری و چالاکییــە ئـــــابوورییەکـــــان.. هەمــوو دەرهـــــات و گــۆڕاوە

ئابوورییەکان و دیاردە و کێشە و قەیرانەکان لەگەڵ چەمکی وەبەرهێناندا چەسپێنراون و، ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ تێکەڵاوی بوون و کارتێکردن و کاریگەرییان پێکەوە هەیە..

چەندین پێناسەی جۆراوجۆری زانستی هەیە بۆ وەبەرهێنان کە هەموویان پێکەوە پێناسەیەکی هاوتەواوی ئابوری بۆ ئەو پرۆسەیە پێکدەهێنن. لێرەدا مەبەست لە وەبەرهێنانی ڕاستینەیە.

هەندێک دەڵێن: مەبەست لە وەبەرهێنان ئەو خەرجییە کە خاوەنکارانی ئابووری Businessmen خەرجی دەکەن لەسەر ئەو کاڵا سەرمایەداریانە (السلع الرأسمالية)ی لە پرۆسەی بەرهەمهێنانی کاڵا و خزمەتگوزاری تردا بەرهەم دەهێنرێن، سەرباری ئەوانەش ئەو گۆڕانکاریانەش دەگرێتەوە کە بەسەر کاڵا هەڵگیراوەکان-Inventories دا دێن. کە دیارە کاڵا هەڵگیراوەکانیش، (کاڵای لە کارگە دروستکراو و، نیوەدروستکراو و کەرەسەی خاو) دەگرێتەوە. هەروەکو کاڵا سەرمایەدارییە بەرهەمهێنەکانیش Producing Capital دەگرێتەوە وەکو: (ئامێرەکان، ئامرازەکان، خانووبەرە و تەلارە دامەزراوەکانی تر، کە خانووی ماڵانیش دەگرێتەوە، ئەوانەی بۆ مەبەستی بەکارهێنانی پەیوەندیدار بەکاری بەرهەمهێنانەوە دروستکراون)..

یان وا پێناسە کراوە کە: (دیاریکردنی سەرمایەیە بۆ پەیداکردنی چەند هۆیەکی نوێی بەرهەمهێنان Producing Factors، یان بۆ پەرەپێدانی ئەو تفاقانەی کە ئێستا هەن و دەخوازرێ بەرهەمدارییان Productivity زیاتر بکرێ. ئەوەش مانای ئەوە دەبەخشێت کە سەرمایە لە شێوەی کاشەوە بگۆڕدرێت بۆ شێوەی کاڵا و خزمەتگوزاری. کەواتە وەبەرهێنان لەماڵ و موڵکی ڕاستینە، (موجودات حقیقة) دا بەئەنجام دەگەیەنرێت . . جگە لەوانەش وەبەرهێنان لە فۆرمی تەکنەلۆجیاشدا هەیە، وەکو: بەخشینی شکۆ مافی داهێنان (براءة الاختراع Patent Rights )و مۆڵەتی زانستی یان وەبەرهێنان لە سەرمایەی مرۆییدا وەکو بەگەڕخستنی کارناسان و تەکنیککاران و ئیدارییەکان[6]..

وەبەرهێنان هۆکارێکە بۆ کەڵەکە بوونی سەرمایە (تراكم رأس المال). هەروەها دەبێتە هۆی زیاتربوونی خانووساختمانەکان و زۆرترکردنی بەرهەم، هەروەها گەشەپێدانی ئابوریش لە ماوەی درێژخایەندا تۆکمە و پتەو دەکات. وەبەرهێنان بەدووسەرە کاریگەری خۆی دەنوێنێ، لەلایەکەوە لەماوەیەکی کورتدا کاریگەری خۆی لەسەر دەستهاتەکان دادەنێت، کە ئەوەش لە ڕێگای دانانی کاریگەری خۆیەوە دەبێت

---

6- عبدالغفار- د. هناء، الاستثمار ـ الاجنبي و التجارة الدولية - بيت الحكمة، الطبعة الاولى. بغداد - العراق. 2002 ل13

لەسـەر خواسـتی کۆگشـتی Aggregate Demand و لەلایەکی تریشـەوە لەماوەی درێژخایەندا کاریگـەری دەبێت لەسـەر گەشـەکردنی دەرهاتـەکان Outputs، کە ئـەوەش لەڕێگـەی کاریگـەری خۆیـەوە دەبێ لەسـەر پێکهاتەکانـی سـەرمایە و تواناکانـی بەرهەمهێنـان و لـــەسەر خستنــــەڕووی کۆگشـتی (العرض الكلي ـ Aggregate Supply ).

پرۆفیسـۆری ئابوریناسـی کورد د. هۆشـیار معروف لـە بـواری وەبەرهێنانـدا پێیوایـە کـە وەبەرهێنـان ئـەم خەرجییانـە دەگرێتـەوە لە سـاڵێکی دیاریکراودا: خانوو و سـاختمانەکان، ئامێـرەکان، کاڵاکان، کاڵاداکـراوەکان ـ Inventories –المخـزون السـلعي)ی کەرتـی کار و، پشـتیوانی ئـەو دراوانـەی لـە ئاسـتی نێودەوڵەتیـدا مامەڵـە و ئاڵوویریـان پێبکرێـت و سـۆفتویرەکان. بـەڵام ئـەو دراوانـە ناگرێتـەوە کـە (نزیکـەی) تەنهـا لەناوخـۆدا مامەڵەیـان پێبکرێـت و هـەروەهـــا خەرجییەکانـی توێژینـەوەکان و پەرەپێـدان و پـەروەردەی زانسـتی و هەمـوو ئەوانـەی بەسـەرمایەی بەرجەسـتە نایەنـە ژمـاردن، ناگرێتـەوە.. بـەو جـۆرە چەمکـی وەبەرهێنـان لـە ماکرۆئابـوری دا، لـە کاڵا سـەرمایەدارییەکاندا خـۆی چڕدەکاتـەوە، نـەک لـە وەبـــەرهێنانی دارایـــدا[7].

لـە پوختـەی لێکدانەوە و پێناسـە جۆراوجۆرەکاندا،

---

7- هەمان سەرچاوەی ژمارە 5/ ل88

دەتوانین بڵێین :

وەبەرهێنان پرۆسەیەکی ئابوری پراکتیکی یە، تیایدا وا پێویست ئەکات هەموو هۆکارە کۆمەڵایەتی و کەلتوری و سیاسی و تەکنەلۆژی و سایکۆلۆژیا پەیوەندیدارەکان بەهاوکاری ژمارەیەکی زۆر لە زانستە سروشتییەکان کارلێکی لەگەڵدا بکەن.

ئەو پرۆسەیە مامەڵەیەکی پڕ کۆشش و تێکۆشانی بەردەوامی لەگەڵ سروشتدا هەیە. لە هەموو کۆمەڵگەیەکیشدا پێویستی بە رێگاخۆشکردن و هاندان و خۆ گونجاندن هەیە.. لەلایەن دەسەڵاتی سیاسیشەوە پێویستی بە یاساسازی بێ ڕۆتین و هاندان و کارئاسانی و دابینکردنی ئاسایش هەیە لە ململانێیەکانی خۆیدا بۆ زیاتر وە دەستخستنی سەرچاوە شاراوەکان Potential Resources، واتە ئەو سەرچاوانەی وجودی شاراوەیان هەیە و دەکرێ بدۆزرێنەوە، ئەوەش لە ڕێگای کەرەسەکانی وەبەرهێنانەوە نەبێت ناخرێنە بەردەست و ناچنەوە ناو پرۆسەی گەشەپێدانی ئابوری Economic Development. هەروەها دەتوانین بڵێین وەبەرهێنان بریتییە لە پرۆسەی گۆڕینی فۆرمی هەبوونی سەرچاوە سروشتییەکان بۆ شێوە و فۆرمی ئەو کاڵا وخزمەتگوزاریانەی پێداویستییەکانی بەکاربردن لەلای هاوڵاتیان لە سنوری وڵاتێکی دیاریکراوداو دەرەوەی ئەو سنورەش تێر دەکات[8]..

---

8- محمد، كريم محمد، آثار قرار النفط مقابل الغذاء والدواء

### 8-4 : ب/ وەبەرهێنانی دارایی

ئـەم جـۆرەی وەبـەرهێـنـان زۆر گرنـگ و بایـەخـدارە بەتایبەتـی لـەو وڵاتانـەدا کـە سیسـتمی بانکـی تیایانـدا لـە ئاسـتێکی بـەرزی تەکنەلۆژیـای مامەڵـە دارایـی یەکاندایـە. لێـرەدا کاغـەزە دارایـی و نەختینەییـەکان و نەختینـەی ئەلکترۆنـی ڕۆڵـی بنەڕەتـی دەبینـن. لـەم جـۆرەی وەبەرهێنانـدا تەنهـا قازانـج جوڵێنـەری چالاکیەکانـە و هیـچ کاریگەرییـەک لەسـەر زیادکردنـی سـەرجەم بەروبوومـی خۆماڵـی یـان سەرجـــەم بەروبوومـی نیشـتمانی دانانێت، هۆیەکەشـی ئەوەیـە کـە هـەر هەمـان خسـتنەڕووی نەختینەیە (عـرض النقد) و تەنهـا لـە بازاڕی گۆڕینـەوە و هاتووچۆی پشـکەکان و قەواڵـەکان و کاغـەزە دارایـی و ئەلکترۆنیـەکان و دەستاودەسـتی نەختینەکانـدا چالاکـی خـۆی پێشـکەش دەکات.

### 9-4 : پاشەکەوت Saving

مەبەسـت لـە پاشـەکەوتکردن ئـەو پـــرۆسـەیەیە کـە مرۆڤەکان ( دانیشتوو و هاوڵاتی –المقیمون و المواطنون) لـە وڵاتێکی دیاریکراودا و بۆ ماوەیەکی دیاریکراو، کـە زیاتـر وا بـاوە سـاڵێک بێت، ئـەو پـارە و پووڵـەی لەلایان

968 علی الاستثمار في کردستان مع اشارة خاصة الی محافظة السلیمانیة رسالة ماجستیر 2003 .

زیاد دەبێت کە لە داهات دەمێنێتەوە دوای پرۆسەی بەکاربردن (الاستهلاک Consumption) لە بانکەکان و دەزگا دارایی یەکاندا دایدەنێن بە مەبەستی پاراستن و زیادکردنی بە پێی ڕێژەیەکی دیاریکراوی سوود (Interest Rate ®) کە ساڵانە دەچێتە سەر بڕە پارەکە. ئەو ناوەندە داراییانەش دوای ئەوەی بڕی یەدەگی یاسایی بانکی ناوەندی لێ دەرئەکەن و هەندێکیشی وەکو دراوی بەردەست (سیولە) ئەهێڵنەوە، ئیتر ئەوەی دەمێنێتەوە بە سوودێکی دیاریکراو ئەیدەنەوە بە وەبەرهێنەکان، یان خۆشیان مامەڵە بە هەندێک لەو پارەیەوە دەکەن.

**پاشەکەوتی میللی:**

یەکێک لە پێوەرەکانی ماکرۆئابورییە سەبارەت بە ئاستی گەشەپێدانی ئابوری وڵات. لەم چوارچێوەیەدا لویس ئارسەر (L.W.Arther)ی گەورە ئابوریناسی ئینگلیزی دەڵێت: (پرسی بنەڕەتی لە گەشەپێدانی ئابوریدا، دروستکردنی گۆڕانکارییە لە ناو ئەو کۆمەڵگەیەدا کە پاشەکەوتی تەنها ڕێژەی 4% بۆ 5% لە داهاتی نیشتمانی پێکدەهێنێت، واتە مەبەست لەو گۆڕانکارییە دەبێت گۆڕانکاریی بێت لە قوڵایی ئابوری بۆ ئەوەی هەمان کۆمەڵگا پاشەکەوتەکەی لە ڕێژەی 12% بۆ 15%و زیاتریش پێکبهێنێت[9]..

9-W.Arther, Lewis, Economic Development with unlimited .Supplies Labor, Manchester School,9 22May 1954 100ل

پاشـەکەوتکردن لـە زانسـتی ئابوریـدا، لـە هەمـوو دنیـادا وەکـو پێوەرێـک بـۆ وەبەرهێنانیـش دادەنرێت.. هۆیەکەشـی ئەوەیـە کـە زانسـتی ئابـوری هەمیشـە بـەو گریمانەیـە کاردەکات کـە دەبێـت وەبەرهێنـان یەکسـان بێـت بـە پاشـەکەوت.. کەواتـە ئەگـەر پاشـەکەوت کـەم بێت، وەبەرهێنان کـەم دەبێت و بـە پێچەوانەشـەوە.

هەر بۆیە دەتوانین بڵێین ئەو وڵاتانەی پاشەکەوتیان لـە 15% کەمتـرە، بـە وڵاتانـی دواکەوتـوو یـان لـە قۆناغـی چـوون بـەرەو گەشـەپێدانی ئابـوری دادەنرێن..

لـە کـۆمەڵگەی کوردەوایشـدا، هـانـدانی پاشـەکەوتکردن لـە بانکەکانـدا یەکێکـە لـە ئەرکـە گرنگەکانـی حکومـەت و حیـزب و دامودەزگاکانـی کۆمەڵگـەی مەدەنـی و ڕاگەیـاندنەکان، هـاوزەمان لەگـەڵ ئـەوەدا دەبێـت حکومەتـی هەرێـم چاکسـازی لـە کـەرتی بانکی‌دا بکات و متمانـە بـۆ ئـەو کەرتـە بگێڕێتـەوە تـاکو هاوڵاتیـان پـارەی خـەوتوو لـە ماڵەکانیـان دەربکـەن و لـە بانکـە حکومیـەکان و تایبەتەکانیـش دایبنێـن.

چونکـە هێشـتا لـەم وڵاتـەدا و لەنـاو خەڵکـدا چەمکـی (پارەخەوانـدن – اکتنـاز)و پاشـەکەوتکردن لێـک جیاناکەنـەوە. کـە دیـارە پـارەخەواندن

بــــريتييه لە خەواندنی سامانی نـــــەختینە و پـــــارەی (پاشــماوەی دەرامــەت دوای پرۆســەی بەکاربردنــی کالا و خزمـــــەتگوزاری) لــە دەرەوەی نـــــاوەنـــــدە داراییەکــــان. واتــە دانانــی ئــەو پارەیــە لــــە مالــەوە هەروەها خەواندنی ئالتون و زیو و خشل و بــــەردە گرانبەهاکانیـش دەگریتـەوە، کـە ڕیگای بانکـەکان و ناوەندەکانـی تـری دارایـی ناگریتـە بـەر بـە هەمـوو ئـەو کــــردەیە دەوتــریَ پارەخەوانـدن Hoarding..

## 10-4 : گەشەپیدانی ئابوری :

## Economic Development

لـە هـەر ولاتیکدا، پــــاشەکــــەوت و وەبــــەرهینان و بەگەڕخســتنی ســەرمایەی کەلەکـــــەکراو زۆر بــوو، نیشانـــــەی ئەوەیە گرنگترین و بگرە زیندوترین برگەکانی پیکهینانــی گەشــەپیدانی ئابــوری بەدیهاتــوون..

گەشــەپیدانی ئابــوری بەبــیَ زیادکــردن و زۆربوونــی ڕیــژەی بەرهەمـــــداری (الانتاجیـة Productivity) کالا و خزمەتگوزاری و گەشـەپیدان و پیشـکەوتنی فاکتەرەکانی بەرهەمهینــان و گەشــەکردنی پەیوەندییــە کۆمەلایەتــیو شارستانییەکان و بالاچوونی ئاستی زانستی و هۆشیاری و ڕۆشــنبیری گشــتی و پیشــکەوتنی تەکنەلۆجــی و گەشــەکردنی بیــری مــرۆڤ و گۆڕانــکاری لــە عەقلیەتــی وەبەرهینانــدا و .. هتــد.. نایەتــە دی.

د. محەمەد عەلی ئەللەیسی، لەم بارەیەوە دەڵێت:

گەشەپێدانی ئابوری بریتییە لە پێشکەوتنی کۆمەڵگا بەهۆی بەگەڕخستنی باشترین شێوازی نوێی بەرهەمهێنان و مسۆگەرکردنی بەرزکردنەوەی ئاستی بەرهەمهێنان، ئەوەش لە ڕێگای گەشەپێکردنی شارەزایی و تواناکانی مرۆڤەکان و سیستماتیزەکردنی باشتری کارەکان و ڕێکخستنیان بە جۆرێکی باشتر دەبێت، ئەوەش سەرباری زیادکردنی کەڵەبوونی سەرمایە بە درێژایی ڕۆژگارەکان...

گەشەپێدانی ئابوری هەر تەنها گۆڕانکاری لە ئابوری وڵاتدا دروست ناکات، بەڵکو لە چوارچێوەی خۆیدا گۆڕانکاری گرنگی کۆمەڵایەتی و پەیکەری کارەکان و ڕێکخستنەوەی ژیانی کۆمەڵگا بە گشتی دەگرێتە خۆی... گەشەپێدانی ئابوری هەڵکشانی دەرامەتی میللی National Income ی ڕاستەقینە و بەروبوومی ڕاستەقینەی میللی Real National Product دەگرێتەوە... بە جۆرێک کە لە هەردووکیاندا پێویستە بەرزبوونەوەی پشکی تاکەکەس لە دەرامەت دا بگرێتە خۆی.

هەرجۆرە باشتربوونێک لە دەرامەت و بەرهەمدا، یارمەتیدەر دەبێت بۆ زیاتربوونی پاشەکەوت، ئەوەش پاڵپشتێکە بۆ کەڵەکەبوونی سەرمایە و پێشکەوتنی تەکنەلۆژی لە کۆمەڵگەدا، ئەوانەش هەریەکەو بە پێی خۆیان

دەبنەوە پاڵپشت بۆ زیـــادکردنی بـــەرهەم و داهات و دەرامــەت. واتــە گەشــەپێدانی ئابـوری ئەوانــەی ئاماژەمـان پێـدان ئەگرێتـە خـۆی.

هەروەها ئەمانەی خوارەوەش ئەگرێتە خۆی:

* باشترکردنی شارەزایی و توانا و تــوانـــاداری کارگــەران بـۆ ئـەوەی دەرامەتـی زیاتـر بەدەسـت بهێنـن.

* ڕێکخستنی پەیکەری بـــەرهەمهێنان بە شێوەیـــەکی بـــاشتر.

* پــــەرەپێدان و تـــواناداریتــــرکردنی هۆیـــەکانی گـــواستنەوە و گەیانـدن.

* پێشکەوتنی دامەزراوە داراییەکان.

* زیادبوونی تێکڕای ئاستی شارستانیبوون Rate of Urbanizationی کۆمەڵگا.

* باشـبوونی ئاستی تەندروستی گشـتی و پەروەردە و فێربوون و پێشبینیەکانی ژیان.

* زیاتربوونــی کاتەکــــانی پشــوو و بـــــاشبوونی هەلومەرجـــەکانی خەمڕەوانـدن ـ إسـتجمام ـ ...)[10].

10- الليثي، دكتور محمد علي و دكتور محمد عبدالعزيز عجمية، التنمية الاقتصادية، مفهومها، نظرياتها – سياستها. الدار الجامعية / الاسكندرية – مصر 2004- ل20 - 21..

### 11-4: بەکاربەر (المستهلك Consumer)

ئێمە لێرەدا، دەتوانین بەهۆی پێناسەی بەکاربردن (Consumption ) هوە لە واتاکانی بەکاربەر تێبگەین.

بەکاربردن بریتییە لەو چالاکیەی مرۆڤ ئەنجامی ئەدات بۆ تێرکردنی پێویستییەکانی کە ئەوەش هەر لەخۆوە ئەنجام نادرێت بەڵکو بە پێی بڕی دەرامەتی تاکەکەس و پێویستییەکانی ژیان و ئارەزووەکانی و خووی کەسەکان مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت.

دەبێت ئەوەش بزانین لەم سەردەمەدا ڕیکلام و دامودەزگاکانی ڕاگەیاندن کاریگەریی ئەکتیڤیان هەیە لەسەر گۆڕین و جێگۆڕکێ پێکردنی ئارەزووی بەکاربەران بۆ کڕینی کاڵا نوێیەکان.

لەکۆتاییدا دەڵێین: بەکاربەر، ئەوکەسەیە لە چوارچێوەی دەرامەتی خۆیدا کاڵا و خزمەتگوزاری دەکڕێت بۆ بەکارهێنان و تێرکردنی پێداویستیەکانی ژیانی لە ئابوریدا، بەکاربەر یەکەی ئابوری بنەڕەتیە، کە لە پێناویدا کاڵا و خزمەتگوزاری بەرهەم دەهێنرێ.

### 12-4: بەرهەمهێن (المنتج Producer)

بریتییە لەو کەسەی، یان گروپەی، یان ئەو کەسیەتییە مەعنەوییەی بەهۆی فاکتەرەکانی بەرهەمهێنانەوە (زەوی و سروشت، سەرمایە،

ڕێکخستن و بەڕێوەبردن، دەستی کار، تەکنەلۆژیا و خانووبەرەو هتد..) کاڵای ئابوری و خزمەتگوزاری بەرهەمدەهێنێت و ئەتوانێ بەهایەکی تر بەو کەرەسەو کاڵا سەرەتاییانە ببەخشێ کە دەیانخاتە دووتوێی پرۆسەی بەرهەمهێنانەوە، کاڵای ئامادەکراو بۆ بەکاربردن، یان بۆ وەبەرهێنان بەرهەم دەهێنێت.

دووجۆر بەرهەمهێنەر هەیە :

**جۆری یەکەم/ بەرهەمهێنەری ڕاستەوخۆ:** ئەو بەرهەمهێنەرەیە ڕاستەوخۆ کاڵا و خزمەتگوزاری بەرهەمدەهێنێت و بەرهەمەکەی ئامادەیە بۆ بەکارهێنان لە بازاڕدا لەلایەن بەکاربەرانەوە.. بۆ نموونە هەموو ئەو کاڵایانەی ڕۆژانە بەکاردەهێنرێن وەکو جلوبەرگ و خواردن و پێداویستییەکانی تری ڕۆژانەی مرۆڤ و خزمەتگوزارییە پێویستییەکان.

**جۆری دووەم/ بەرهەمهێنەری ناڕاستەخۆ:** وەکو ئەوانەی ئامێر و کەرەسەی بەرهەمهێنان (واتە کاڵای سەرمایەداری) دروست دەکەن، کە بەهۆی ئەو کەرەسانەوە کاڵای بەکاربردن دروست دەکرێن. وەکو ئەو بەرهەمهێنەرانەی ئامێر و کەرەسەی کارخانەکان و ئەو ئامێرانە دروست دەکەن کە بۆ دروستکردنی کاڵا و خزمەتگوزاری بەکاردەهێنرێن وەکو: دروستکردنی مەکینەکانی ڕستن و چنینی قوماش، ئامێری دروستکردنی خواردەمەنی و

قتووبەندکردنیـان.. ئامێـر و قالـب و چوارچێوەکانـی تواندنـەوەی ئاسـن و دروسـتکردنی ئوتومبیل و...هتد.

## 13-4 : سیاسەتی ئابوری

کاتێک باس لـە سیاسـەتی ئابـوری وڵاتێک دەکرێت، مەبەسـتی سـەرەکی لێی بریتییـە لـە هەمـوو ئـەو بڕیار و یاسـا و ڕێسـا و ڕێنمایـی و کارسـازی و سیسـتم و نەخشـە و پلانـە ئابوریانـەی کـە دەگیرێنەبـەر لـە پێنـاوی گـــەشەپێدانی ئابـوری و بـــەڕێوەبردنی کاروبـاری ئیـداری و سیـــاسی وڵات بـــەباشترین شێوە و بەرزکردنـــەوەی ئاستی شارستانی و ژیانی کۆمەڵایەتـی لەسەرانسـەری وڵاتـدا..
سیـــاسەتـــی ئـــابوری لەسێ بـواری سـەرەکیدا خـۆی دەنوێنێت:

### یەکەم/ سیاسەتی بازرگانی:

بریتییـە لـە کۆمـــەڵێک ڕێوشـوێنی پلـــان بـۆ ڕێژراو و ئامـڕازی کاریگـەر و بـــڕیار و یـــاسا کـە لـــەلایەن دەسـەڵاتی سیاسـی ـ ئابـوری وڵاتـەوە بەکاردەهێنرێـن بـۆ دروسـتکردنی بزوتنەوەیەکـی چـالاک و زینـدوو لـە پـــرۆسەی بـــــازرگانی نێودەوڵەتـی و نیشـتمانی بەمەبەسـتی دابینکردنـی ئامانجـە ئابورییـە نیشـتمانیەکان لەسـەر ئاسـتی دەرەکـی و ناوخـۆ..

**دووەم/سیاسەتی دارایی** Financial Policy

هەمـوو ئـەو بڕیـار و یاسـا و بەرنامـە و پلانانـە دەگرێتـەوە کـە لەلایـەن حکومەتـەوە دەردەکـرێن بـۆ دابینکردنـی پێداویسـتییە گشـتییەکان، بـۆ نموونـە دیاریکردنـی پێداویسـتییە هـەرە زەروریـەکان و هەوڵدان بـۆ دابینکردنیـان، چونکـە دەوڵـەت هەرچەندە دەوڵەمەنـد بێـت تواناکانـی دیاریکـراون.. واتـە هەمـوو ئـەو بڕیارانـەی دەدرێـن بـۆ دابینکردنـی سـەرچاوەی دارایـی و شـێوازی خەرجکردنیـان سیاسـەتی دارایـی پێکدەهێنن. بـۆ نموونـە، زیـاد وکەمکردنی باجـەکان و ڕەسـمە حکومیـەکان و پەیداکردنـی داهـات (إیـرادات) و شـێوازی دابەشـکردنی خەرجییـە گشـتییەکان بـە ژمـارەی دیـار و ڕوون لـە دووتوێـی بودجـەی گشـتی حکومەتـدا[11]..

**سێیەم/ سیاسەتی نەختینەیی** Monetary Policy

بریتییـە لـە هەمـوو ئـەو ئامرازانـەی دەسـەڵاتی نەختینەیی وڵات کـە خـۆی لەبانکی ناوەندیدا دەبینێتـەوە، بـەکاری دەهێنێـت بـۆ گەیشـتن بـە:

---

11- عنایة، أ.د. غازي. المالیة العامة والتشریع الضریبي. الطبعة الاولی - دار البیارق عمان 1998 ل/12-13 هەروەها بڕوانە- العلی، الدکتور عادل خالد. المالیة العامة والتشریع المالي والضریبي، دار ومکتبة الحامد 2003. ل46 - 47.

یەکەم/ ئاستێکی بەرزی بەگەڕخستنی هاوڵاتیان (عمالة مرتفعة).

دووەم/ جێگیربوونی نرخی کاڵا و خزمەتگوزارییەکان و بەهێزبوونی نرخی دراوی نیشتمانی بەرانبەر دراوەکانی تر..

سێیەم/ دیاریکردنی نرخێکی گونجاوی گۆڕینەوەی دراوی نیشتمانی بەدراوەکانی تر.. (سعر صرف ملائم).

چوارەم/ باڵابردنی ڕێژەی نەشونمای ئابوری. (معدل مرتفع للنمو الاقتصادي).

ئەوەی زۆر گرنگە لە سیاسەتی نەختینەییدا دەوترێت، وریایی و ئاگابوونە لە بڕی خستنەڕووی پارە.. واتە پێویستە هاوسەنگییەک هەبێ لەنێوان خستنەڕوو و خواست لەسەر پارە.

ئەگەر بمانەوێ خەرجیەکانی وەبەرهێنان زۆربن و بەوەش بەکارخستن و بەگەڕخستنی هاوڵاتیان مسۆگەر بکەین، پێویستە خستنەڕووی پارە زۆرتر بکرێت. ئەوەش لە پێناوی ئەوەی نرخی سوود (سعر الفائدة) دابەزێت.. بەوەش وەبەرهێنەکان پارەی زیاتر قەرز دەکەن بۆ پرۆسەکانی وەبەرهێنانی کاڵا و خزمەتگوزاری، ئەوەش وادەکات پێویستیان بە دەستی کاری زیاتر دەبێت، ئەویش بەپێی خۆی کاردەکاتەوە سەر زۆربوون و زیادکردنی دەرامەتی خەڵک.. بەوەش خواستی گشتی چالاک لەلای

خەڵک زیاد دەکات و ئارەزوویان بۆ کڕینی کاڵا و خزمەتگوزاری زیاد دەکات.. ئەوەش چەند جارە و چەند بارە پاڵ بە وەبەرهێنەکانەوە دەنێت بۆ زیادکردنی بەرهەم... کەواتە دەرەنجام گەشەپێدانی ئابوری لێکەوتەوە، کە ئەوەش کاردەکاتەوە سەر بەهێزبوونی نرخی گۆڕینەوەی دراوی نیشتمانی، ئەوەش بەهۆی ئەوەوە کە زیادەی دراو لە بازاڕدا نامێنێ و زۆری بەرهەمهێنان زیادەی دراو دەگرێتە خۆ.. ئیتر خستنەڕووی دراو بە شێوەیەکی هاوکێشبوو دەمێنێتەوە.. نابێ نرخی دراوەکەشمان زۆر بەرز بێت، چونکە کاڵاکانمان بە گوێرەی کاڵای وڵاتانی ترەوە گرانتر دێنە بەرچاو بەهۆی دابەزینی نرخی دراوەکانیان بەرانبەر دراوی نیشتمانی ئێمە. کەواتە هەناردەمان زۆر نابێت، بەڵکو هاوردەمان زۆر دەبێت.. کە ئەوەش بە سلبی کاردەکاتەوە سەر ئابوری وڵات و نرخی دراوەکەشمان[12]..

12- توماس مایرو دوانی تر.. النقود والبنوک والاقتصاد، وەرگێڕانی: أ.د السید احمد عبدالخالق. دار المریخ للنشر، الریاض، المملكة العربیة السعودیة 2002،..... هەروەها بڕوانە سەرچاوەی ژمارە (4) – ل 538 – 559.

4 -14 : **دەرامەت** (**الدخل** – Income).

بریتییە لەو دەستهاتەی مرۆڤ پەیدای دەکات لە کۆتایی هەر ماوەیەکی دیاریکراودا.. واتە دەرامەت بە شێوەیەکی دەوری دەست مرۆڤەکان دەکەوێت. کە لە جیهاندا بە شێوەیەکی مانگانە ئەژمار دەکرێت و، دەشکرێت کۆی دەرامەت لە ماوەی ساڵێکدا ئەژمار بکرێت..

دەرامەت لە دوو شێوازی سەرەکیدا خۆی دەنوێنێت:

**یەکەم/** ( **سەرمایە** – Capital)، لەم کاتەدا دەرامەت بریتی دەبێت لەو سوود و قازانجانەی لە ئەنجامی کاروچالاکی پیشەسازی، یان بازرگانی، یان کشتوکاڵ یان سوود لەسەر قەرزی سەرمایەداری و هتد... بەدەست دەهێنرێت. واتە لێرەدا مەبەست لە وەگەرخستنی سەرمایەیە..

**دووەم/** (**کار** – Labor)، ئەویش یان جەستەییو ماسولکەییە، یان فکری و پەیوەندیدارە بەکاری مێشک.. وەکو مووچەی مانگانە لە شوێنی کار، یان کرێی چالاکییە جەستەیی و فیکریەکان.

بەڵام ئەو دەرامەتەی دێتە دەست کاتێک بە دەرامەتی کۆتایی دێتە ژماردن کە باجی ڕەسمیو

داشـكاندنەكانی لێدەربكـرێ، ئیتـر لـەم كاتـەدا پێـی ئـــەوترێت **دەرامـــــەتی ڕێپێـدراو** (الدخـل المتـاح Disposal Income).

دەرامەتی ڕێپێدراویش دوو جۆرە :

**یەكـەم/ دەرامەتـی نەختینەیـی** – بریتییـە لـەو بـڕە پارەیـەی بـە شـێوەی كاش دێتـە دەسـتی تاكـە كەسـەكان..

**دووەم/ دەرامـــەتی ڕاستینە**– هەمـان ئـەو دەرامەتـە نەختینەیەیـە بـەڵام كاتێـك بـە ڕاسـتەقینە دەردەكەوێـت كـە بزانرێت هێزی كڕین (القوة الشرائیة)ی ئـەو دەرامەتە چەنـدە.. ئەویـش بـەوە دەبێـت ڕێـژەی هەڵاوسـان (التضخـم)ی لێدەربكرێت.. چونكـە ئەگەر هاتـوو دەرامەت زۆر بێت، بـەڵام نرخـی كاڵا و خزمەتگـوزاری لـە بازاڕدا بـەرز بێـت، ئـەوە مانـای وایـە توانـای كڕینـی ئـەو دراوە كـەم بووەتـەوە.. واتـە نرخـی ڕاسـتەقینەی دەرامـەت دابەزیـوە...

لەگـەڵ باسـكردن لـە دەرامـەت و داهـات (دەرامەتـی میللـی National Income یـان National Revenue) دێتـە بەربـاس.

**دەرامەتی میللی** National Income:

پوختـەی هەمـوو ئەوداهاتانـە دەگرێتـەوە کـە لـە هۆیەکانـی بەرهەمهێنـان وەدەسـت دەهێنرێـن لـە ماوەیەکـی دیاریکـراودا، کـە وابـاوە سـاڵێک بێـت. (لەسـەر ئاسـتی هەمـوو وڵات).. واتـە پوختـەی ئـەم شـتانەی خـوارەوە دەگرێتـەوە:

یەکەم/ کرێی کار

دووەم/ کرێی خـــانووبەرە و زەوی و زار (موڵکانە)..

سێیەم/ سوودی سەر سەرمایە.

چـوارەم / قازانـج بەهـۆی ڕێکخسـتنی کارەکان و کارگێڕی کار..

کەواتە، هۆیەکانی بەرهەمهێنان بریتین لە :

یەکـەم/ دەسـتی کار واتـە هەمـوو ئەوانـەی کاری جەسـتەیی و ماسـولکەیی ئەنجـام ئـەدەن، یـان کاری فەرمانگەیی ئەنجام ئەدەن. واتە ڕەنجدەرانی بیروبازوو..

دووەم/ خانووبـەرە و زەوی و زار و سروشـت، دوای ئـەوەی بەشـێوازی چالاکـی ئابـوری دەخرێنـە خزمەتـی پرۆسـەی بەرهەمهێنانـی کاڵا و خزمەتگوزارییـەوە.

سێیــەم/ سەرمایـــە.. بـــە هـــەردوو جـۆرە سـەرەکیەکەیەوە لـە سـەرمایەی دارایـی و سـەرمایەی چەقگرتـوو لەنـاو ئامـڕازو ئامێـرەکان.

چـوارەم/ ڕێکخسـتن و کارگێـڕی کارەکان..کـە بەهـۆی گەشـەکردنی تەکنۆلۆژیـاوە خاوەنکـــار و خـاوەن سـەرمایە ناتوانیـت ڕاسـتەوخۆ سەرپەرشـتی

هەموو پرۆسەکانی بەرهەمهێنان بکات، بۆیە ناچار دەبێت دەستەیەکی کارگێڕی و سەرپەرشتی و چاودێری و بەدواداچوون و ڕێکخستنی کارەکانی پرۆژە ئابورییەکە دابمەزرێنێت.. واتە لە ئەنجامی ئەو پرۆسەیەدا قازانج دروست دەبێت، کە ئەوەش بەشێکی گرنگی پێکهێنانی دەرامەتی میللییە.

گەشەپێدانی هۆیەکانی بەرهەمهێنان دەبێتە هۆی گەشەپێدانی ئابوری وڵات.

ئەگەر حکومەت بتوانێت لە چوارچێوەی سیاسەتی ئابوری خۆیدا، زیاتر کار بکات بۆ ڕێنوێنی ئەو گەشەکردنە، ئەوا لەکۆی پرۆسەکەدا کۆمەڵگا بەگشتی سوودمەند دەبێت و لە هەموو بوارەکاندا پێشدەکەوێت.

## 15-4 : **پێداویستییە ئابورییەکان** (**الحاجات الاقتصادية**) Economic Needs

بریتین لەو پێداویستیانەی مرۆڤ لە ژیانی ڕۆژانەی خۆی دا لە چوارچێوەی پۆشین و جێگای حەوانەوە و زیندەگی و خواردن و خواردنەوە و ئارەزووەکانیدا بەو پێیەی لەسنورە ڕێگا پێدراوەکانی کۆمەڵگا دەرنەچێت، کە دەیەوێت دابینیان بکات.

ئەو پێداویستیانە، سەرچاوەی پەیدابوونی چالاکیە ئابوریەکانن، چونکە لەگەڵ (دەگمەنی)دا ڕووبەڕوو دەبنەوە.. چارەسەری (دەگمەنی) ش تەنها لە پرۆسەی وەبەرهێنان و بەرهەمهێناندا ئەدۆزرێتەوە.

پێداویستییە ئابوریەکان، تەنها لە ڕێگای کاڵا و خزمەتگوزاریی ئابورییەوە دابین دەکرێن.. هەر ئەو پێداویستیانەشن، کە دەبنە هۆی گەشەپێدانی ئامرازەکان و هۆیەکانی بەرهەم هێنان و هێزی کار بە درێژایی مێژوو و لە داهاتووشدا.. کەواتە پێداویستییە ئابورییەکان هاندەر و پاڵنەری ڕیشەیی گەشەپێدانی بەردەوامی ئابورین.

### 16-4: **نەشونمای ئابوری** (**النمو الاقتصادي** Economic growth) **و گەشەپێدانی ئابوری**: Economic Development

نەشونمای ئابوری بریتییە لە زۆربوونی ڕێژەکانی سەرجەمی بەروبوومی میللیGNP، کە پەیوەندیدارە بە ژمێرەکردنی مامناوەندی پشکی تاکەکەس لەو بەرووبومەدا، لێرەدا زۆربوونی ڕێژەی دانیشتوان کاریگەری خراپ دەکاتە سەر دیاریکردنی ڕێژەکانی نەشونمای ئابوری. هەموو شێوازەکانی زیادکردن GNPو مامناوەندی پشکی تاکەکەس لەوگۆڕاوە دەچنە خانەی زیادکردنی نەشونمای ئابورییەوە.

جیاوازیەکەش لەگەڵ گەشەپێدانی ئابوریدا ئەوەیە کە گەشەپێدانی ئابوری لەسەر گەشەپێدانی هەموو جۆرەکانی پیشەسازی بەندە. بەتایبەتی پیشەسازی گۆڕینی کەرەسەی خاو (الصناعات

التحويليـة) بـۆ کاڵای بەکاربـردن (سـلع اسـتهلاکیة) و کاڵای بەرهەمهێن (سلع راسـمالیة) و کاڵای نێوەندگیر (سـلع وسـیطة).

دەرهێنانـی نـەوت و زۆربوونـی بەروبوومـی میللـی دەچێتـە خانـەی نەشـونمای ئابوریـیـەوە. بـەڵام ئامادەکردنـی زەمینـەی لەبـار بـۆ ئـەوەی نـەوت لەوڵاتـدا بچێتـە نـاو پرۆسـە پیشەسـازییەکان و پیشەسـازی پاڵاوتـن و لێـک جیاکردنـەوەی بەرهەمـە نەوتیـەکان لـە ناوخـۆی وڵات فەراهـەم بکرێت و ئەویـش یارمەتیدەربێـت بـۆ زیادکردنـی پیشەسـازی بەرهەمـە خۆماڵییـەکان و، زیادەکەیـان لـێ هەنـاردە بکرێـت بـۆ دەرەوە، بناغـەی گەشـەپێدانی ئابـوری دادەڕێژێـت.

### 4 -17: سەرجەم بەروبوومی میللی

.Gross Natinal Product-GNP)

ئـەو گـۆڕاوە ئابوریـیەیـە کـە سـەرجەمی بەروبوومـی خۆمـــاڵی (GDP) و هەمـوو ئـەو بـــەروبوومانەش دەگرێتـەوە کـە بـە دەسـتی دانیشـتووە کاتیـەکان (المقیمیـن) و وەبـــەرهێنی بیانـی لەنـاو وڵاتـدا و هاوکاریـی و دەسـتگیرۆیی دەرەکـی و ناوەکـی و داهاتـی هاووڵاتیـان کـە لـە هەنـدەران کاردەکـەن و دێنـەوە نیشـتمان، دەگرێتـەوە.. ئـەم گـۆڕاوە وەکـو پێوەرێـک بـۆ نەشـونمای ئابـوری (النمـو الاقتصـادي) بەکاردەهێنرێـت..

**بـەڵام سـەرجەم بەروبوومـی خۆماڵـی** – الناتج المحلي الاجمـــالي GDP-Gross Domestic Product، کۆی هەمـوو ئـەو بەروبوومەیـە لـە کاڵا و خزمەتگوزاری کە لـە ناوخـۆی وڵات، بە دەسـتی کرێـکاران و کارمەنـدان وسـەرمایەی خۆماڵـی دێتـە بەرهـەم.. هـەر گەشـەکردنێکی ئابـوری کـە لـە سەردەسـتی هاوڵاتیانـی خۆماڵـی لـە دەرەوەی وڵات دێتـە ئەنجـام و بێتـەوە بـۆ ناوخـۆی وڵات ناچێتـە چوارچێوەی ئەژمـاری ئـەم گۆڕاوەوە.. ئـەم گـۆڕاوە گرنگتریـن نیشـاندەرە Indicator بـۆ پێوانەکردنـی ئـاستی گەشـەپێدانی ئابـوری Economic Development لەهـەر وڵاتێکـدا..

4 -18: **پەرەپێدان (التطور-** Evolution)**..**

ئەگـەر بـەوردی مامەڵـەی زانسـتی لەگـەڵ ئـەم زاراوەیـەدا نەکـرێ لەگـەڵ وشـەی گەشـەپێداندا تێکەڵاو دەکرێت. لەکاتێکدا پەرەپێدانـی ئابـوری هەر لە چوارچێـوەی گەشـەپێداندا مامەڵـەی لەگەڵـدا دەکرێـت، بـەڵام لـە وردکردنـەوەی وشـەکەدا دەتوانیـن پێناسـەی بکەیـن بـەوەی کـە بریتییـە لـە: (چەنـد پرۆسـەیەکی بەرەوپێشـەوە بـردن و نوێکاریـی و چاککـردن و گۆڕین لـە دۆخێکـەوە بۆ دۆخێکی باشـتر بە شـێوازی هەنگاو بەهەنـگاو و قۆنـاغ بـە قۆنـاغ، کـە بـواری جیـاواز جیـاواز و تـاک لایەنـە دەگرێتـەوە).

بـــەڵام گەشـەپێدان پرۆسـەیـــەکی هەمەگیـرەو بـــەرگێکی بـەردەوام و پشـوو درێـژ دەپۆشـێت.

4 -19: **بەرهەمهێنانی کەرتی سەرەتایی** (**إنتاج القطاع الأولی** (Primary Sector Production-بەو پرۆسانەی بەرهەمهێنان دەوترێت کە لە کەرتە پیشەسازیەکانی کاندەرهێنان و کەرتی کشتوکاڵ و ئاژەڵداریدا ئەنجام ئەدرێن. بەبێ ئەوەی بچنە ناو پڕۆسەکانی بەرهەمهێنانی کارگەیی.

وڵاتە دواکەوتووەکان و تازە پێگەیشتووەکان و زۆربەی وڵاتە خاوەن پیترۆڵەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئابورییەکانیان لەسەر ئەم جۆرە بەرهەمانە بەندە.. هەر بۆیەش بە ئابوری ئەو وڵاتانە دەوترێت (ئابوری موڵکانە ـ الاقتصاد الريعي). مەبەستەکەش لەوەدا خۆی دەبینێتەوە کە ئەو جۆرە ئابورییانە تەنها کرێی بەکارهێنانی زەوی و سەرچاوە سروشتیەکان وەردەگرن و خۆیان بەرهەمی پیشەسازی لەو سەرچاوانە دروست ناکەن و هەر بە خاوی دەیانفرۆشن.

### 4 -20: بەرهەمهێنانی پیشەسازی (الانتاج التصنيعي أو التحويلي):

هەروەها (پیشەسازی گۆڕینی کەرەسەی خاو)یشی پێ دەوترێ..

بەو کەرەسەی خاو و کاڵا و خزمەتگوزارییانە دەوترێت کە دەچنە پرۆسەکانی بەرهەمهێنانی کارگەییەوە و لەوێوە دەڕژێنە کەرتی پیشەسازییەوە،

لە ئەنجامدا دەبنە کاڵای دروستکراو Manufactured Goods) ـ السلع المصنعة ـ بۆ بەکاربردن (*یان کاڵای بەرهەمهێن** (سلع راسمالية)، یان نیمچە دروستکراو (سلع نصف مصنعة) یان نێوەندگیر*** (سلع وسيطة)..

ولاّتانی گەشەکردوو خاوەنی پیشەسازی بەرهەمهێنانی کارگەیین.. ئەوان سوود لە بەرهەمەکانی کەرتی سەرەتایی وەردەگرن و لەلای خۆیان دەیانخەنە ناو پرۆسەی بەرهەمهێنانی پیشەسازیو کارگەییەوە.

---

* کاڵای دروستکراو:- بریتییە لەو کاڵا کۆتاییانەی ئامادە دەکرێن بۆ بەکاربردنی ڕاستەوخۆ لە لایەن خەڵکەوە.

** کاڵای بەرهەمهێن:- بریتییە لەو کاڵایانەی تەمەنیان درێژە و لە بەرهەمهێنانی کاڵای بەکاربردندا وەکو بەشێک لە سەرمایەی نەگۆڕ دەخرێنە پرۆسەی بەرهەمهێنانەوە، وەکو ئامێرەکان و بینا و زەوی کارخانەکان و هتد.. ئەم جۆرە کاڵایە (کاڵای سەرمایەگوزاری) شی پێدەوترێت.

*** کاڵای نیمچە دروستکراو:- بریتییە لەو کاڵایانەی بەرهەمدەهێنرێن بۆ ئەوەی بخرێنە پرۆسەی تری بەرهەمهێنانەوە و خۆیان ئامادەنەکراون بۆ بەکارهێنان و بەکاربردنی ڕاستەوخۆ. وەکو دروستکردنی قوماش، ئاسن، تەختە و هتد.. کە دواتر دەخرێنەوە ناو پرۆسەی تری بەرهەمهێنان بۆ دروستکردنی کاڵایتر.

**4 -21 : بۆ ئەوەی ئێمەش بچینە ڕیزی وڵاتانی گەشەسەندووەوە لەڕووی ئابورییەوە پێویستە:**

یەکەم/ هۆشیاری و تێگەیشتنی ئابوریی و ئیداریمان لەگەشەکردندا بێت و گرنگی زۆری پێ بدەین.

دووەم/ ئابوری وڵاتەکەمان (کوردستان) لەئابوری بەرهەمهێنانی کەرتی سەرەتاییەوە بگوازرێنەوە بۆ ئابوری بەرهەمهێانی پیشەسازی لەهەموو بوارەکاندا..

سێیەم/ ئەگەر چاوببڕینە ئاسۆی بەرزی دروستکردنی قەوارەی سەربەخۆی نەتەوایەتی خۆمان، جگە لە بنەما گرنگ و ستراتیژیەکانی تر دەبێت ئابورییەکی چەسپیوو و بەهێزمان هەبێت کە لە پاشکۆیەتی ڕزگارمان بکات !!...

## بەشی دووەم
## سیاسەتی ئابوری سۆسیالدیموکراسی

بۆ پێناسەکردن و شیکردنەوەی هەر جۆرێک لە **سیاسەتی ئابوری**، دەبێت لە چوارچێوەی سێکتەرەکانی ئابوریدا ئاماژەی پێبدرێت :

که لەچوار سێکتەری گرنگ پێکدێت :

1 – سێکتەری پیشەسازیی و تەکنەلۆژیا.

2 – سێکتەری کشتوکاڵ و ئاژەڵداری.

3 – سێکتەری بازرگانی.

4 – سێکتەری خزمەتگوزاری کە چالاکی گەشتیاریی لە ڕەگەزە هەرە گرنگەکانیەتی.

سیاسەتی ئابوری لە هەر وڵاتێکدا چۆنێتی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو سێکتەرانەدا دیاری دەکات. لە چوارچێوەی سیاسەتی ئابوری سۆسیالدیموکراسیدا هەموو هەوڵدان و کارە ئیداریەکانی دەوڵەت بەمەبەستی بەدیهێنانی خۆشگوزەرانی دەبێت بۆ هاوڵاتیان لە ڕێگەی دارشتنی سیاسەتێکی ئابوری خزمەتگوزار کە بەرژەوەندی و داواکارییەکانی خەڵک بۆ باشترکردنی ژیان و گوزەران مسۆگەر بکات. لەم تێڕوانینەوە دەبێت حیزبی سۆسیالدیموکرات ئاسۆی دیاریکردنی بەرنامەی ئابوری خۆی

زیاتـر بـۆ خەڵـک ڕوون بکاتـەوە و بـە پێـی ئـەو هێڵـە گشـتیانەی لـە بەرنامـەی ڕەسـمی خۆیـدا دیاریکردوون کاربکات و میکانیزمی جێبەجێکردنی بەرنامەکـە بـۆ خەڵـک ڕوون بکاتـەوە و کارێکـی وا بکات جەماوەر بە گشتی لێی تێبگەن و زۆرترین ژمـارەش لـە دەوری کۆببێتـەوە.

ئەگـەر لـە دیـدی زانسـتی ئابوورییـەوە تەماشـای هەرچـوار سـێکتەرەکە بکەیـن دەبینیـن کـە بـە شـێوەیەکی گشـتی لـە هەمـوو ئابوریەکانی دنیـادا ئـەو سـێکتەرانە وجودیـان هەیـە و بـاری ئابـوری وڵاتـان پێکدەهێنـن. بـەڵام هونـەر لەوەدایـە بـەکام شـێوازی ئیـدارەی ئابـوری مامەڵـە لەگـەڵ ئـەو سـێکتەرانەدا دەکرێـت و چـۆن دەتوانرێـت بـە باشـترین شـێوە پێشـبخرێن و لـە کۆتاییشـدا بـۆ خزمەتی گشـتی خەڵک بەگەڕبخرێـن بـە جۆرێکـی وا کـە (بـە گەڕخسـتنی تـەواو ـ التوظیـف الکامـل) بـۆ هەمـوو هۆیەکانـی بەرهەمێنـان لـە وڵاتـدا کـە (دەسـتی کار و سـەرمایە و زەوی و ڕێکخسـتنی کارەکان) دەگرێتـەوە، بەدیبهێنێت و لـە دەرئەنجامیشـدا عەدالەتـی کۆمەڵایەتـی لـە دابەشـکردنەوەی دەرامـەت و داهاتـەکانـدا بێنێتـە وجود.

لەسـەر بنەمـای ئـەوەی ئاماژەمـان پێدا پێویسـتە سیاسـەتی ئابـوری لـە چوارچێـوەی سیاسـەتی مایکرۆ ئابوری (الاقتصاد الجزئي) و ماکرۆ ئابوری (الاقتصـاد الکلـي) دا لـە بەرانبـەر کـۆی چالاکـی

ئابـوری لەسـەر ئاسـتی وڵات و تاکـە کەسـەکان و بـۆ هـەر کێشـەیەکی ئابـوری بـۆ هـەر قەیرانێکـی ئابـوری فەلسـەفە و ڕێگەچـارەی خـۆی هەبێـت.

هــەروەهـــا دەبێـت حیزبـی سۆسـیالدیموکرات بـۆ کـۆی دیـاردە ئابـوری و بـــابەت و چالاکییـە ئابورییـەکان لێکدانـەوەی زانسـتیانەی خـۆی هەبێت و بـەدەر لـە سـۆز و عاتیفـــەو خۆبەسـتنەوە بـە بیرکردنـەوەی کۆنـــەپارێزی و هەندێـک نەریتـی کۆمەڵایەتـی ڕێگـر لەبـەردەم گەشـەپێدانی ئابوریـدا بڕیـاری دروسـت و شـیاوی خـۆی هەبێت و پابەنـد بێـت بـە پرنسـیپە ڕاگەیـــاندراوەکانی خۆیـەوە سـەبارەت بـە گـــەشەپێدانی ئـــابوری وڵات لـە چوارچێوەی گشـتی هەمـوو وڵات لەلایەکـەوە و بـۆ هـەر دەڤـەرەش بەجیـا لـە لایەکـی تـرەوە.

**بابەتە بنەڕەتیەکان**

**1 - دەنگدەر لە بەرنامەی ئابوریدا.**

لەنـاو کۆمەڵـگادا هەمـوو مرۆڤـەکان بەکاربـەر (مسـتهلک)ن، بـەڵام هەموویـان دەنگدەرنین. لـە هەمـوو ئـەو بابــــەتانە و گۆڕاوانـەی پەیوەندیـان بـە ژیانـی بەکاربەرانـەوە هەیـە کاریگـەری دادەنێـن لەسـەر ڕای دەنگدەر. لــــە زانستــــی ئابوریشدا ئــــامانجی ســـەرەکی و کۆتایی هەربەکاربەرە. واتا بەرهەمهێنانی

کاڵا و خزمەتگوزاری لـە سـێکتـەرەکانی ژیانـی ئابوریدا تەنها بەمەبەسـتی ئـەوە ئەنجام ئەدرێن کـە بگات بـە هاوڵاتـی لـە هەمـوو تـــــەمەنە جیاجیاکانیانـدا.

بـــەکـــاربـــەر بـــەهـــــۆی کێشــــــەی (دەگمەنی – الندرة)ەوە بە ئاسانی دەستی بەو کاڵا و خزمەتگوزاریانـە ڕاناگات کـە پێویستی پێیانـە چونکـە هەریـەکێـک لەوانـە بەهـا و نرخـی ئابـوری خـۆی هەیـە. سیاسـەتی ئابـوری لـە وڵاتـدا ئـەوە دیـاری دەکات کـە تواناکانـی بەکاربـەر لـە ڕووی دەرامەتـەوە چەنـدە بـۆ بەدەسـت هێنانـی پێداویسـتیەکانی ژیانـی. هەروەهـا دەبێـت لـە چوارچێـوەی ئـەو سیاسـەتەدا بـۆ داهاتـوو پێشـبینی ئاسـتی داخوازیەکانـی کۆمەڵگا بکرێـت و پلانـی تۆکمـە دابڕێژرێـت بـۆ گەشـەپێدانی سـەرتاپاگیری ئابـوری.

حیزبـی سۆسـیالدیموکرات دەبێـت بەرنـــامەی ئابـوری خـۆی بـە ڕوونـی دیـاری بـکات کـە دەیەوێـت هەمـوو هاوڵاتیەکـی وڵات دەسـتی بگاتـە هەمـوو خواسـتەکانی لـە کاڵا و خزمەتگوزاریـدا و دەبێـت بـە کـردار ئـەوە بسـەلمێنێت کـە ڕێگەکانـی گەیشـتنی هاوڵاتـی بەخۆشـگوزەرانی ئاسـان دەکات لـە ڕێگـەی دابینکردنـی ئـەو ئامرازانـەی هاوڵاتـی دەکاتـە خاوەنـی دەرامەتـی عادیلانـە. بـە ڕاگەیاندنـی ئـەو بـــەرنامەیە کاریگـەری لەسـەر دەنگـی دەنگدەر دروسـت دەبێت لە بـــەرژەوەندی حیزبەکـەی.

2 - **دەرامەت.**

هەرچەندە کاڵا و خزمەتگوزاری بەرهەم بهێندرێت یان هاوردە بکرێت واتە (خستنەڕوو) زیاد بکرێت، ئەگەر خواستی چالاک (الطلب الفعال) لەئاستی ئەو بەرهەمهێنانە نەبێت ئاستەکانی گەشەکردنی ئابوری پاشەکشە دەکات.

خواستی چالاک لەلای بەکاربەر بەمانای هەبوونی دەرامەتی پێویست دێت بۆ بەدەستهێنانی کاڵا و خزمەتگوزاری. ئەوەش کاریگەری خۆی لەسەر (خستنەڕووی کاڵا و خزمەتگوزاری) دا دەنێت بە شێوازێکی پۆزەتیڤ و هاندەر دەبێت بۆ فراوانبوونی پانتاییەکانی وەبەرهێنان و بەرهەمهێنان و بەرزبوونەوەی ئاستەکانی گەشەپێدانی ئابوری.

سیاسەتی ئابوری حیزب دەبێت پێداگربێت لەسەر زەمینە خۆشکردن بۆ بەدەستهێنانی دەرامەت لەسەر ئاستی تاکەکەس و هەموو وڵات. ئیتر دەبێت هەموو ئامرازەکانی گەشەپێدانی ئابوری بەگەڕ بخات بۆ مسۆگەرکردنی داهاتی گشتی پێویست لەسەرچاوە جۆراوجۆرە بەردەستەکان کە لە وڵاتدا توانای بەدەستهێنانیان هەیە.

**3 – چاودێری بازاڕ**

یەکێک لە بەرنامە بنەڕەتیەکانی ئابوری سۆسیالدیموکراسی لەگەڵ فەراهەمکردنی بازاڕی ئازاددا چاودێریکردنی جموجۆڵی بازاڕە. کە دەبێت تیمی حکومی حیزب پێی هەڵسێت. لەناو هەموو ئەو بزاوتەشدا ئاستی نرخەکان پێویستی بە چاودێری و سنوردانان هەیە. لەهەمانکاتدا دەبێت ڕێگە بە ئازادی چالاکییە ئابوریەکان بدرێت بەردەوام بن لە کاروجوڵەکانیاندا. ڕێکخستنەوەی نرخەکان لەبازاڕدا یارمەتیدەرێکی کاریگەر دەبێت بۆ ڕێگەگرتن لە بەرزکردنەوەی نرخەکان و قۆرخکاری چالاکیە ئابوریەکان. بەوەش هێزێکی تر بۆ توانای کڕینی دراو دەگەڕێتەوە و ڕایەکی گشتی پۆزەتیڤی جەماوەریش بۆ حیزب مسۆگەر دەبێت.

**4 - پرۆژەی بچوک** Small Business **و لە خۆگرتنی پرۆژە** (**حاضنات - الاعمال**)-(Business Incubators)

لە عێراقدا پرۆژەی بچوک بەو پرۆژانە دەوترێت کە لە (1 – 9) کەس کاری تیادا دەکات.

هەروەها لە کوردستان پرۆژەی بچوک بە پێی یاسا بریتین لەو پرۆژانەی کەسەرمایەکانیان

لـە (40) ملیـۆن دینـار تێپەڕنـاکات. بـەڵام بـە پێـی پێوەرەکانـی ژووری بازرگانـی و پیشەسـازی لـە هەرێمی کوردسـتان، پڕۆژەی بچـووک ئەو پڕۆژانەن کـە سـەرمایەکانیان لـە (75) ملیـۆن تێپـەڕ نـاکات.

لـە جیهانـدا پـرۆژە بچوکـەکان ڕێژەیەکـی بـەرز لـە سـەرجەم بەروبوومـی خۆماڵـی ( GDP) دا پێکدەهێنـن و لـە هەمـوو سـێکتەرەکانی ئابوریـدا جموجۆڵـی بەرهەمهێنـی دیـار و کاریگەریـان هەیـە.

پـرۆژە بچوکـەکان ڕۆڵێکـی زۆر گرنـگ دەگێـڕن لـە کەمکردنـەوەی کێشـەی بێکاریـدا و ژمارەیەکـی زۆری هاوڵاتیانی جیهان پێیانـەوە خەریکن.

لـە هەرێمـی کوردسـتاندا لەگـەڵ ئەوەشـدا یاسـایەک هەیـە بۆ پشـتیوانیکردنی پرۆژەی بچـووک بـەڵام پێدانـی بـڕی ئـەو قـەرزەی دیاریکـراوە بـۆ هاوکاریکردنـی پـرۆژەی بچـوک لـە (15) پانـزە ملیۆن دینـار تێپەڕنـاکات. ئـەوەش لـە هەلومەرجـی ئێسـتادا کاری پێناکرێـت.

چالاککردنـەوەی ئـەو یاسایـــە (یاسـای ژمـارە 2 سـاڵی 2011)ی پەرلەمانـی کوردسـتان و زیـادکردنی بـڕی پێشـینەکە و فراوانکردنـی پانتایی پشـتگیریەکەی حکومـەت بـۆ بێـکاران، هاندەرێکـی کاریگـەر دەبێت بۆ هێزی کاری ئامـادە بۆ کارکردن و ڕەخسـاندنی هەلـی کاری زیاتـرو بۆ بووژانـەوەی

کەرتەکانی ئابوری.

هەر لەم بابەتەدا دەبێت حیزب هاندەری دامەزراندنی چەند کۆمپانیایەکی گەورەی لەخۆگرتنی پرۆژەی بچووک بێت. بەوەش دەرگایەکی تری گرنگ دەکرێتەوە بۆ ئەوانەی بیرۆکەی گونجاوی دامەزراندنی پرۆژەی بچوکیان هەیە و خاوەنی هیچ دەستمایەیەکی دارایی نین، بەڵام دەکرێت ئەو کۆمپانیا پرۆژە لەخۆگرانە (حاضنات) هاوکاری دارایی و ڕێنوێنی کار و ئیدارەدانی پرۆژە بچوکەکان بگرنە ئەستۆ و هاندەر و هاوکاربن بۆ ئەوەی پرۆژە بچوکەکان گەشە بکەن بەرەو پرۆژەی مامناوەند و گەورە لە داهاتوودا. بەوەش حیزب دەنگی زیاتری جەماوەری خەڵک بەدەست دەهێنێت.

## 5 - داهێنانی نوێ

لە هەرێمی کوردستان کەسانێکی زۆر هەن بیرۆکەی داهێنانیان هەیە لە بوارەکانی ئابوریدا لە بواری پیشەسازی و تەکنەلۆجیادا، لە بواری کشتوکاڵ و ئاژەڵداریدا، لە بواری گەشتیاری و لقەکانی تری خزمەتگوزاریدا، لە بواری بازرگانی و بازاڕکردندا ژمارەیەکی زۆر داهێنانیان بەرچاو دەکەون، بەڵام لەبەرئەوەی هیچ هاندان و پشتگیریەک لە ئارادا نەبووە داهێنەرەکان

بێهیوابوون و تواناکانیشیان پاشەکشەی کردووە.

داهێنان بڕبڕەی پشتی گەشەپێدانی ئابوریە لە وڵاتدا هەر لە سۆنگەی داهێنانەکانیشەوەیە کە کاڵا و خزمەتگوزاری نوێ بەرهەمدەهێنرێت و هەموو بوارەکانی ژیان دەبوژێنێتەوە و نوێگەری لە بەرهەمهێناندا فەراهەم دەکات و چالاکییە ئابوریەکان خێراتردەکات و دەرامەت و داهاتەکان زیاتر دەکات و خۆشگوزەرانی مسۆگەر دەکات.

## 6 - **وەبەرهێنان و بێکاری**

## Investment & Unemployment

مەبەست لە وەبەرهێنان، وەبەرهێنانی ڕاستینەی ئابوریە کە تیایدا وەبەرهێن توانای دارایی و سامانی خۆی بەکار دەهێنێت لە کڕینی موڵکوماڵی ڕاستینە (Real Assets) دا، واتە ئەو موڵکوماڵانەی بەدەرن لە کاغەزە داراییەکانی وەکو پشک و چەک و کۆمپیالە و هتد.. کە ئەوەش پێی دەوترێت وەبەرهەمهێنان لە کاغەزە داراییەکاندا..

وەبەرهێنان لە موڵک وماڵی ڕاستینەدا بە پلەی یەکەم ئەم بوارانە دەگرێتەوە کە دەبێت لەماوەی ساڵێکدا حساب بکرێت :

1 – زەوی و خانوبەرە بەگشتی

2 – نوێکردنەوە و فراوانکردنی پانتایی چالاکیەکانی

وەبەرهێنان و ئامێر و ئامراز و تفاقەکانی بەرهەمهێنان
3– کالاّی ئـــەمبارکراو (کـە لـــەکۆگاکـــاندا ماونـــەتەوە) لـە کەرەسـەی خـاوو کـــالاّی نیمچـە دروسـتکراو و دروسـتکراو لـە کۆتـــایی سـالّدا..
بـەلاّم لـە سـەردەمی نوێی پیشەسـازی دا سـەرباری ئـەو سـێ پێکهێنـەرە بنەڕەتیـەی ئاماژەیـان پێـدرا، وەبەرهێنـان لـە سـەرمایەی مرۆڤیش دا جێگـە و پایەی شـیاوی بـەرزی بۆ خۆی داگیرکـردوە و بەشـەکانی تـری وەبەرهێنـان دوورلـە توانانوێنـی سـەرمایەی مرۆیی و هـزری مـرۆڤ ناخرێنە پرۆسـەی بەرهـەم هێنانـەوە..
وەبەرهێنـان لـە مولّـک و مالّـی ڕاسـتینەدا لـە ژێـر سـایەی سیاسـەتێکی ئابـوری دروسـتدا گەشـەپێدانی ئابـوری ( Economic Development ) دەخولقێنێـت، ئـەوەش واتـای ئـەوە دەبەخشـێت کـە بوارەکانـی چالاکییـە ئابوریـەکان بـە گشـتی گەشـەیان کـردووە و سـەرجـــەم بـــەروبوومی خۆمالّـی (Gross Domestic Product) زیادیکـردوە و بـەوەش ئاسـتی بەرکەوتـەی تاکەکـەس لـە دەرامەتـی میللـی ( National Income ) بـەرز بووەتـەوە.. یـان دەتوانرێت بوترێت کـە توانـای بەرهەمهێنـان زیادیکـردووە و کالاّ و خزمەتگـوزاری زۆر بەرهەمهێنـراوە و ئەگـەر بـەو شـێوازە کاربکرێت و چالاکییـە ئابوریـەکان ئەنجـام بدرێـن بەرهـەم لـە

پێداویستییە خۆماڵییەکان زیاتر دەبێت و بەوەش بزاوتی هەناردەکردن دەست پێدەکات.. ئەوە لەخودی خۆیدا ئەو مانایە دەبەخشێت کە ئاستەکانی بێکاری دابەزیوە و نیشاندەرکانی خۆشگوزەرانی (Welfare Indicators)ش هەڵکشاون بەرەو سەر و هەلی کار زۆر زیادیکردووە.. گەشەپێدانی وەبەرهێنان لە هەرێمی کوردستاندا لە چوارچێوەی بەرنامەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بە ڕوونی جێگای خۆی کردووەتەوە. بۆ ئەو مەبەستەش دەبێت یەکێتی بە پێی قورسایی و کاریگەری خۆی لەسەر سیاسەتی ئابوری هەرێمی کوردستان بەردەوام بێت لە چاکسازییە ئابوریەکانیدا و لە بواری وەبەرهێنانیشدا جەخت بکاتەوە لەسەر:

_ یاسای وەبەرهێنان دەستکاری و هەموار بکرێتەوە بۆ ئەوەی ئاسانکاریی زیاتر بۆ وەبەرهێنان بگرێتە خۆی.

_ وەبەرهێنان لە کەرتی گشتی زیاد بکرێت و لەکەرتی تایبەتیشدا وەبەرهێنانی خۆماڵی و بیانی هان بدرێن بۆئەنجامدانی وەبەرهێنانەکانیان لە کوردستان و بۆئەوەش ئاسانکاریان بۆ بکرێت و دەست نەخرێتە کارەکانیانەوە بەڵکو قەرزی وەبەرهێنانیشیان بە نرخی سووی ڕەمزی و بۆ ماوەی درێژخایەن پێبدرێت.

ـ وه بەرهێن بەپێی سیاسەتێکی دروستی ئابوری ڕێنوێنی بکرێت تاکو وه بەرهێنان لەو بوارانەدا بکات کە بۆ ئێستای هەرێمی کوردستان پێویستە و مۆرکی نیشتمانپەروەری بە جۆر و بڕی بەرهەمەکانەوە دیاربێت.

ـ هەموو شێوازەکانی پەڵپ پێگرتن و ڕۆتینی بێزارکەر دەرهەق بە وەبەرهێن سزای توندی بۆ دیاری بکرێت و ئاسایش و زەمینە سازیەکی ئارامیشی بۆ فەراهەم بکرێت.مەرجی هەرە گرنگیش لەسەر وەبەرهێن و بەرهەمهێن ئەوە بێت کە دەبێت بەگەڕخستنی دەستی کاری خۆماڵی لە پرۆژەکاندا لە 80 % کەمتر نەبێت..

یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان وەکو حیزبێکی سۆسیالدیموکرات دەبێت لە هەموو بوارەکانی وەبەرهێناندا ڕێنوێنی و ئاڕاستەکردنی خۆی هەبێت و لیژنەی ئابوری هەبێت بۆ چاودێریکردنی پرۆسەکە بەجۆرێک مافەکانی بەکاربەر پارێزراو بێت و، سەبارەت بە ئاستی نرخەکانیش ڕێگری بکات لە دروست بوونی هەڵئاوسان و بێهێزبوونی توانای کڕین لەلای هاوڵاتیانی بەکاربەر.

## 7 - بێکاری

بێکاری یەکێکە لە کێشە مەترسیدارەکانی ئابوری وڵاتان. هەرێمی کوردستانیش لە ئێستادا ڕێژەی بێکاری تیایدا لەسەرووی 14% یە، ئەوەش هەموو جۆرەکانی بێکاری دەگرێتەوە جگە لە بێکاری ئارەزوومەندانە. ئەگەر ژمارەی دانیشتوانی هەرێم لەساڵی 2022 دا بە 6200000 بخەملێنرێت، ئەوا ژمارەی بێکاران لە هەرێمدا نزیکەی 520800 کەس دەبێت کە ئەوەش هەموویان لەتەمەنی دەنگداندان و بەسروشتی سایکۆلۆژی خۆیان دژی هەموو حیزبەکانی هەرێمی کوردستان ڕادەوەستنەوە.

دەبێت حیزب بە پێی بەرنامەی ئابوری سۆسیالدیموکراسی کاربکات بۆ دۆزینەوەی هەلی کار و دابینکردنی دەرامەتی پێویست بۆ بێکاران و دەرهێنانیان لە سەنگەری بێزاری و هەژاریدا.

## 8 - هەژاری Poverty

هەژاری دیاردەیەکی ئابوری سیاسی کۆمەلایەتیە.

لە مێژووی دێرینی بیرکردنەوەی دەسەڵاتداریێتی مرۆڤایەتیدا هەژاری وەکو دیاردەیەکی

سروشتی و خواکرد وێنا کراوە بەمەبەستی ئەوەی ناعەدالەتی و چەوسانەوەی چینایەتی لە مانای سیاسی و حوکمداریێتیەکەی دابماڵرێت و بەرگێکی ئایینی و خودا پەسەندی بکرێت بە بەردا و ئیتر هەژاران بە حاڵی خراپی خۆیان ڕازیبن و بیر لە دژایەتیکردنی دەسەڵاتداران و باشترکردنی ژیانی خۆیان نەکەنەوە..

لە بیرکردنەوەی ئابورییانەی سۆسیالدیموکراسی دا کە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کاری لەسەر دەکات: هەژاری: دیاردەیەکی سروشتی نییە، بەڵکو دیاردەیەکی چینایەتی و سیاسی و کۆمەڵایەتییە سەرچاوەکەشی نەبوونی عەدالەتی کۆمەڵایەتییە. عەدالەتی کۆمەڵایەتیش بریتییە لە دابەشکردنی داهات و دەرامەتی میللی بە شێوازێکی عادیلانە بەسەر ئەندامانی چین و توێژەکانی کۆمەڵدا هەرکەس بە پێی بەشداریکردنی خۆی لە گەشەپێدانی ئابوری وڵاتدا، (واتا بە پێی ئاست و ڕادەی پێشکەشکردنی توانا و شارەزایی و لێهاتویی کەسەکان) و سەپاندنی باجی دەرامەتیش بەڕێژەی گۆڕاو (لە کەم، کەم و، لە زۆر، زۆر).

هەژاری لە ئەنجامی دەستگرتنی چین و توێژە دەسەڵاتدارەکان بەسەر داهاتی خەڵکی تردا دروست دەبێت لە ڕێگەی بەکارهێنانی دەسەڵات و هەبوونی

دەستمایەی داراییدا. ئەوەش مانای وایە ئەو سەروەت و سامانە زیادەی لای کەسانیتر کۆدەبێتەوە (لە پرۆسەی وەبەرهێنان یان حکومڕانی لەکەرتی گشتی و تایبەتدا) لە بنەڕەتدا بەشی خەڵکانی تریشی پێوەیە و بەناهەق نادرێت پێیان و لێیان زەوت دەکرێت، ئەوەش دیاردەی هەژاری دروستدەکات..

یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، هەژاری بە دیاردەیەکی ئابوری و سیاسی و کۆمەڵایەتی تەماشادەکات و بە پێی ئاستی دەسەڵاتی خۆی لە حکومداریێتی هەرێمی کوردستاندا کار لەسەر دابەشکردنەوەی دەرامەتی میللی (National Income) دەکات بە شێوازێکی عادیلانە لە پێناوی کەمکردنەوەی دەلاقە فراوانەکەی نێوان چینە هەژار و سەروەتمەندەکان..

**9 - متبوونی ئابوری و بێبازاڕی (الركود والكساد الاقتصادي)**

متبونی ئابوری واتە دابەزینی ئاست و چۆنیەتی چالاکیەکانی بەرهەمهێنان و گەشەکردنی ئابوری، کە ئەوەش لە ئەنجامی دابەزینی خواستی کۆ گشتی (الطلب الكلي) ڕوودەدات و ئەویش سەرچاوەکەی لە دابەزینی دەرامەتی میللی یەوە دێت و ئەویش بە دەوری خۆی لە بێکاری و زیادبوونی ئاستەکانی هەڵئاوسانەوە دێت لەلایەک و لەلایەکی تریشەوە بەهۆی سیاسەتی ئابوری

نادروستەوە دێت کە حکومەت پەیڕەوی دەکات سەبارەت بە چۆنیەتی دابینکردنی داهاتی گشتی و بە فیڕۆدانی ئەو داهاتە بەبێ ئەوەی بچێتەوە ناو خەرجیەکانی بەگەڕخستن و خەرجیەکانی وەبەرهێنان، ئەوەش لە بەردەوامبوونی خۆی دا بێبازاڕی ئابوری بە دوای خۆیدا دەهێنێت و کۆی مامەڵە بازرگانیەکانی ناوخۆ و دەرەوەش بەرەو داکشان دەبات و چەندین قەیرانی ئابوری جیاجیا بەدوای خۆیدا دەهێنێت کە لە کۆتاییدا کاریگەری سلبی لەسەر سایکۆلۆجیای جەماوەر دا دەنێت و توشی هەڵوێستی نەخوازراوی دەکات بەرانبەر دەسەڵات، لەم حاڵەتەدا بەرهەمهێن و فرۆشیارانیش لەگەڵ هاولاتیان و بەکاربەراندا هاوهەڵوێست دەبن.

حیزبی سۆسیالدیموکرات دەبێت لەبەرنامەکەی خۆیدا بەڕوونی ئاماژە بەوە بدات کە کار لەسەر بوژانەوەی ئابوری و چارەسەری ئەو کێشە و فاکتەرانە دەکات کە دەبنە هۆی ڕوودانی متبوونی ئابوری و بێبازاڕی. لەبەرانبەر ئەو هەڵوێستە مەترسیدارەدا دەبێت حیزب خۆی بە پارێزەری وەبەرهێن و بازاڕدارەکانیش بزانێت و فریاکەوتنی خۆشی ڕابگەیەنێت بۆ چارەسەری کێشە ئابورییەکان لە ولاتدا.

10 - **قەرزاریی حکومەت :**

دەکرێت حکومەت لەدوو بواری بنەڕەتی دا قەرزار ببێت:

**یەکەم / بواری ناوخۆیی**

کاتێک حکومەت دەیەوێت کورتهێنانی بودجەی گشتی پڕبکاتەوە یان بەمەبەستی دابەزاندنی ئاستەکانی هەڵئاوسان و کەمکردنەوەی خستنەڕووی دراو قەرزی ناوخۆ بکات لە ڕێگای فرۆشتنی کاغەزە حکومیەکانی وەزارەتی دارایی یان بانکی ناوەندی، یان لەکاتێکدا حکومەت ناتوانێت موچەی فەرمانبەران بدات و داوایان لێ دەکات بەشێک لە موچەکانیان لە شێوەی پاشەکەوتی موچەدا وەکو قەرزێک بخرێتە ئەستۆی حکومەت، پاشان لەگەڵ ڕێژەیەکی دیاریکراوی (سوود) دا بدرێتەوە بە هاووڵاتیان.

**دووەم / بواری دەرەکی**

لەم حاڵەتەدا حکومەت قەرز لە وڵاتان دەکات یان لە ڕێکخراوە دارایی یە نێودەوڵەتیەکان وەکو سندوقی دراوی نێودەوڵەتی (**INTERNATIONAL MONETARY FUND**) و بانکی نێودەوڵەتی ((**WB) World Bank**) بەمەبەستی جێگیربوونی نرخی دراوی نیشتمانیی

و گەشـەپێدانی ئابـوری و چاکسـازییە ئابورییـەکان.
حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان لـە هـەردوو بوارەکـەدا قـەرزارە و ئاسـتی قەرزەکانیشـی خـۆی لـە نزیـک 30 سـی ملیـارد دۆلار ئـەدات، بـەوەش نەوەکانـی داهاتـوو بـە قـەرزاری لـە دایـک ئەبـن.
سیاسـەتی ئابـوری پەیڕەوکـراوی یەکێتـی دەرهـەق بـەو قەرزانـە دەبێـت ڕوون و ئاشـکرا و بـێ دڵەڕاوکـێ بێـت. ئێسـتا بەهـۆی ئامڕازەکانـی گـەڕان و پەیوەنـدی ئەلکترۆنـی بـوارە جیاجیاکانـی دەسـتکەوتنی زانیـاری هەمـوو خـوێندەوارێک دەتوانێـت بـەدوای زانیاریـدا بگەڕێـت و هەرکەسـە و بـە جۆرێـک دەسـتی بکەوێـت. هەروەهـا حیـزب و کەسـە ناڕازیەکانیـش بـەوردی بـەدوای هەمـوو زانیاریەکـدا دەگەڕێـن کـە یەکێتـی و دەسـەڵاتەکەی بـە ناشـرین پیشـان بـدەن و بابەتـی قـەرزاری حکومەتـی هەرێمیـش ئامڕازێکـی هەسـتیارە بـۆ وروژاندنـی ڕای گشـتی جەمـاوەر. بۆیـە هەرگیـز نابێـت یەکێتـی لـە بەرنامـەی ئابـوری خۆیـدا خـۆی لـەو کێشـەیە لا بـدات و دانـی پێـدا نەهێنـێ بەڵکـو پێویستە بەرنامـەی چاکسـازی ئابوری ڕابگەیەنێت.
چاکسـازی ڕاسـتەقینەش بەشـێوەیەکی سـەرەکی لـە ڕێکخسـتنەوەی هەیکەلـی گشـتی ئابوریـدا دەبێـت کـە تیایـدا سـەرچاوە سروشـتیەکانی وەکـو نـەوت

و کانزاکانـی تریش بخرێنـە بـەر باسـی جـددی و دەرخسـتنی گەندەڵیـەکان و تاکڕەوی حکومداریێتـی، هەروەهـا سـەرچاوە مادییـەکان و داراییـەکان و توانـای مرۆڤەکانیـش وەکـو سـەرمایەی مرۆیـی بـــاسـە هـەرە گرنگەکانـی سیاسـەتی ئابـوری و دارایـی یەکێتیـی نیشـتمانیی کوردسـتان بێـت.

**11 - باج و ڕسومات :**

لەوانەیـە لـە وڵاتـە پێشـکەوتووەکاندا دانانـی بـاج لەسـەر کاڵا و خزمەتگـوزاری و دەرامـەت و سـامان کـە هەمـوو هاووڵاتیـەک بگرێتـەوە لـەلای هاووڵاتیـان ئاسـایی بێـت، یـان لـــەگەڵ هەندێـک چالاکـی نارەزایەتیـدا پەسـەند بکرێـت، بەتایبـەت کـە لـەو وڵاتانـەدا هاووڵاتیـان بـە بەرجەسـتەیی هەسـت بـەوە دەکـەن باجـەکان بـۆ گەشـەپێدانی ئابـوری وڵات و دووبـارە بـۆ خزمەتـی دانیشـتوان خەرجدەکرێتـەوە. بـەڵام لـە هەرێمـی کوردسـتاندا دانانـی بـاج هێنـدەی تـر دەبێتـە پاڵنەرێـک یـان وروژێنەرێکـی کاریگـەری سـلبی لەسـەر هاوڵاتـی و ئەویـش دیسـان دەچێتـە سـەر بـــــارستایی نارەزایەتیەکانیتـری و دژی دەسـەڵات دەریدەبڕێـت.
بۆیـە دەبێـت یەکێتیـی لـە بەرانبـەر سیاسـەتی دانـــانی بـاج بەپێـی بـــەرنامەی ئـــابوری سۆسیالدیموکراسـی کاربـکات و هـەوڵ بـدات بـۆ:

یەکەم / کارێکی وا بکرێت چینە هەژارەکان باج نەیانگرێتەوە لە هیچ مامەڵەیەکدا.
دووەم / دانانی باجی هەڵکشاو ( تصاعدي) کە زیاتر سامانداران و دەوڵەمەندەکان بگرێتەوە.
بەڵام دەربارەی ڕسومات بۆ مامەڵە ڕەسمیەکان لە کاتی ئەنجامدانی مامەڵە ڕەسمیەکاندا بە هەمان شێوە دەبێت سیاسەتی ئابوری یەکێتی بەو ئاڕاستەیە بڕوات کە چینە هەژار و کەم دەرامەتەکان نەگرێتەوە بۆ هەموو ئەو ڕسوماتەی ئێستا هەیە پێداچوونەوە بکرێت و لە چوارچێوەی بڕیارێکی (لامەرکەزی) دا جێبەجێبکرێت، نمونە لەسەر ئەم ڕسومات و غەرامانەی بە ڕادەیەکی زۆر هاوڵاتیانیان هەراسان و بێزارکردووە:
_ ڕسومات و غەرامەی فەرمانگەکانی هاتوچۆ و تاپۆو شارەوانی و هتد.. کە پێویستیان بە پێداچوونەوە هەیە.
_ ڕسومات و کرێی خوێندن لە خوێندنگا و زانکۆ حکومیەکاندا و هتد.. کە پێویست بە کەم کردنەوە یان هەر لابردنیان دەکات.

## 12 - سیاسەتی نەوتسازی

ڕێکەوتنی حکومەتی هەرێم لەگەڵ حکومەتی بەغدا لە بواری مامەڵەی نەوتدا کە بەسەرپەرشتی هەڤاڵ (قوباد تاڵەبانی) ئەنجامی باشی بەدەستهێنا یەکێکە لە خاڵە بە هێزەکانی سیاسەتی ئابوری یەکێتیی لەو بوارەدا کە ئەنجامەکەی بە سوودێکی دارایی باش گەڕایەوە بۆ هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستان.

پێویستە یەکێتی کاریگەری هەبێت لەسەر ئاشکراکردنی نهێنییەکانی دەرهێنان و بە بازاڕکردنی تەواوی سەرچاوە سروشتیەکانی هەرێم بەوەش هیچ مەودایەک بۆ سەوداگەری ئۆپۆزسیۆنی ڕێکخراو و ناڕێکخراو ناهێڵێتەوە تاکو یاری بەهەست و سۆزی دەنگدەران بکەن.

## 13 - گەندەڵی دارایی

گەندەڵی دارایی بە فیڕۆدانی دارایی و داهاتی وڵات دەگرێتەوە. لە کاتێکدا ڕوودەدات کە لە وڵاتدا سەرچاوەکانی داهاتە دارایی و سەرمایەدارییەکان وجودیان هەیە و شێوازە جۆراوجۆرەکانی داهات دروست دەکەن بەڵام بە شێوازی ژمێریاری ڕەسمی و دیاریکراو و ڕوون و تۆمارکراو دەرناکەون، یان لە دوای تۆمارکردن لە چەند کەناڵێکی گومانـاوی

و ناپێویستدا خەرج دەکرێن، یان هەر لە دووبارە ئەژمارکردنەوەدا کەموکورت دەبن و بەشێک لە داهاتەکان ون دەبێت، یان داهاتەکان بە حوکمی دەسەڵاتداریێتی کەسەکان بە بڕیاری تاکڕەوانە بۆ مەبەستی جیاجیا خەرج دەکرێن بەبێ ئەوەی سوودێکی ئابورییان بۆ هاوڵاتیان و وڵاتەکە هەبێت و هتد..

گەندەڵی دارایی، گەندەڵی ئیداری و سیاسی و کۆمەڵایەتیش بەدوای خۆی دەهێنێ. یەکێک لە کاریگەرییە سلبیەکانی گەندەڵی دارایی لەسەر ئاستی وڵات دروستبوونی هەژارییە، هەروەها دەبێتە هۆی دروستبوونی ناعەدالەتی لە فەرمانڕەوایەتیداو زۆرجاریش دەبێتە ڕێخۆشکەرێک بۆ پاشکۆیەتی سیاسی بە دەوڵەتان و هێزە نەیارەکانی میللەتەوە و لە دەرەنجامدا پەنابردن بۆ قەرزکردنی دەرەکی و پابەندبوون بە مەرجەکانی دام و دەزگا دارایی و نەختینەییە نێودەوڵەتیەکانەوە، کە زۆر جار مەرجەکانیان توند و ستەمکارانەن دەرهەق بە خەڵک و دەبێتە هۆی خراپکردنی ژیان و گوزەرانیان. کە ئەوەش لەوانەیە ڕەفتاری جەماوەری نەخوازراوی لێبکەوێتەوە دژی دەسەڵات.

هەڵوێستی ئابوریانەی یەکێتی لەبەرانبەر کێشەی گەندەڵیدا، کە خراپترین کێشەی ئابوریە لە کوردستاندا دەبێت ڕوون و کاریگەر بێت. جەماوەری

خەڵکی کوردستان هەستی بە هەموو شێوازەکانی گەندەڵی کردووە لە هەرێمدا، ئۆپۆزیسیۆنیش بە ئاسانی دەتوانێت کار لەسەر ئەو بابەتە بکات و خەڵک بوروژێنێت. هەربۆیەش پێویستە لەسەر یەکێتی ئاڵا هەڵگری دژایەتیکردنی گەندەڵی بێت و بە هەموو توانایەوە لە دژی تێبکۆشێت.

## 14 - **بودجەی گشتی** Public Budget

بودجەی گشتی – الموازنة العامة – (بریتیە لە کۆی داهات و خەرجی گشتی خەملێنراو بۆ ماوەی ساڵێک) دەبێت لەلایەن حکومەتەوە لە کۆتایی هەموو ساڵێک پێشکەشی پەرلەمان بکرێت بۆ ساڵی داهاتوو و پاش پەسەندکردنی و ئیمزاکردنی لەلایەن سەرۆکی وڵاتەوە بچێتە بواری جێبەجێکردنەوە.

بەڵام نەبوونی حساباتی کۆتایی لە کۆتایی ساڵدا ( **الحسابات الختامية – Final Accounts**) کە کۆی خەرجی و داهاتە گشتیە جێبەجێکراوەکان نیشان دەدات لەماوەی ساڵێکدا – لە سیاسەتی ئابوریدا بە پەناگەیەکی نایاسایی دەژمێردرێت بۆ شاردنەوەی بڕی داهاتی گشتی و خەرجیە گشتیەکان و بێسەروشوێن کردنیان..

هەر حکومەتێک یاسای بودجەی گشتی داڕێژراو و حساباتی کۆتایی نەبێت یەکێک لە

پایە بنەڕەتیە پێکهێنەرەکانی چەمکی حکومەتداری لەدەست ئەدات و ڕێگە خۆشدەکات بۆ گەورەتربوونی کێشە ئابورییەکان و لافاوێک قەیرانی بەردەوام. ئەگەر بەجدی کار لەسەر سیاسەتێکی ئابوری دروستی دوور لە بە فیرۆدانی سەرچاوە سروشتیەکان و داراییەکان و مادییەکان و مرۆییەکان نەکرێت داهاتوویەکی نەخوازراو چاوەڕوانی ئەو حکومەتە دەکات.

سیاسەتی ئابوری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لەسەر بنەماکانی ئابوری سۆسیالدیموکراسی بنیاتنراوە، ئەگەر ئەو سیاسەتە پەیڕەوبکرێت لەو بوارەدا هیچ کەموکوڕیەکی لەو جۆرە و بەتایبەت سەبارەت بە یاسای بودجەی گشتی و پیشاندانی حساباتی کۆتایی تێناپەڕێت و تەواوی بەندەکانیشیان لە چوارچێوەی گەشەپێدانی ئابوری و دابینکردنی دادوەریی کۆمەڵایەتی دادەڕێژرێن..

## 15 - ئەنجومەنی گشتی ئابوری

هەبوونی ئەنجومەنی گشتی ئابوری هاوکارێکی باش دەبێت بۆ داڕشتنی سیاسەتی ئابوری گشتی حیزب لەسەر بنەماکانی ئابوری سۆسیالدیموکراسی تاکو لە سنوری دەسەڵات و ئەو جومگانەی حکومەت کە بەدەست کادرانی حیزبەوەن لە چوارچێوەی بەرنامەی گشتی

حکومەتداریدا جێبەجێی بکەن.

باشتروایە ئەنجومەن پێکبهێنرێت لە شارەزایانی بوارە جۆراوجۆرەکانی ئابوری لە ئەندامانی حیزب (ئەکادیمیان و لێپرسراوانی حیزبی و حکومی) کە لەو بوارەدا کاردەکەن و شارەزای تانوپۆکانی چالاکییە ئابوریەکانن.

ئەرکی ئەنجومەنەکە بریتی بێت لە :

1 – پێداچوونەوەی وەرزیی بە سیاسەتی ئابوری حیزبدا کە لە چوارچێوەی بەرنامەی پەسەندکراوی خۆیدا دیاریکراوە و ئامادەکردنی نەخشەرێگای نوێ بۆ کادرانی حیزب کە لە پۆستە جیاجیاکانی حکومەت و جومگەکانی تری دەوڵەتداریدا کاریان پێسپێردراوە.

2 – چاودێریکردنی سیاسەتی ئابوری وڵات بە گشتی و دەڤەرەکان بە تایبەتی و ئامادەکردنی هەڵسەنگاندنی زانستی پێویست لەسەریان و لەسەر بزاوتی چالاکی ئابوری دنیا بۆ ئاسانکردنی مامەڵەی سەرۆکایەتی حیزب و تیمی حیزب لە حکومەت و پەرلەماندا و کۆکردنەوەی زانیاری دەربارەی سیاسەتی ئابوری عێراقی و نێودەوڵەتی سەبارەت بە گۆڕانکارییە ئابورییەکان و کێشە هەنووکەییەکانی ئەو بوارە.

3 – دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ زانکۆ و ناوەندە زانستیەکانی پەیوەندیدار بە بواری ئابوری.

ئـــامانجی ســەرەکی ئەنجومــەن بریتــی دەبێــت لــە بەدیهێنانــی گەشــەپێدانی ئابــوری بــەردەوام لــە کوردســتاندا بەمەبەســتی دابینکردنــی هەلــی کاری زیاتــر بــۆ بێــکاران و مســۆگەرکردنی خۆشــگوزەرانیی بــۆ دانیشــتوان و دابینکردنــی عەدالەتــی کۆمەڵایەتــی و دۆزینــەوەی توانــاکان و بەگەڕخســتنیان لــە پرۆســەی وەبەرهێناندا لە هەموو سێکتەرە جیاجیاکانی ئابوریدا.